# کاریگەریی سۆشیاڵمیدیا لە وشەسازیی زمانی کوردیدا

[١] آرام عبدالله محمد، [٢] پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج
[1,2]خوێندکاری ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی; aramkurdi028@gmail.com[1]
Shakhawan.faraj@univsul.com [2]

نووسەری پەیوەندیکار: [١] آرام عبدالله محمد*

**پوختە**

لەم ڕۆژگارەدا سۆشیاڵمیدیا وەکو یەکێک لە داهێنراوە تەکنەلۆژییەکان بووەتە بەشێکی گرنگ و پێویستی ژیانی ڕۆژانەمان، بۆیە کاریگەری بە سەر سەرجەم کایەکانی ئەم سەردەمەوە جێهێشتووە، بەتایبەت کایەیەکی گرنگی وەکو زمان، کە لە هەمانکاتدا هەم کەرەستەی خاو و هەم کارتێکەر و کارتێکراوی ئەم تۆڕانەیە. توێژینەوەکە هەوڵیداوە ڕۆڵی سۆشیاڵمیدیا بۆ سەر زمان بەگشتی و بۆ سەر وشەسازیی بەتایبەت، بخاتەڕوو. هەروەها ڕۆڵی گەنجان و زمانبەکارهێنەران بە کاریگەریی سۆشیاڵمیدیا و زمانی ئینگلیزی تاوتوێ کراوە، کە سۆشیاڵمیدیا وەکو ئامێرێک لە وەرگرتنی وشەی نوێ بۆ ناو زمانی کوردی و تێکەڵبوونی بەشێک لەم وشانە بە پێواژۆی ڕۆنانی وشەسازیی زمانی کوردی ڕۆڵی نوێی گێراوە، کە وەکو بەشێک لە پێواژۆی گۆڕانی زمان و نوێبوونەوەی شێوەکانی پێکهێنانی وشە (وشەڕۆنان(word formation لە زمانی کوردیدا لێی کۆڵراوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە، بەشی یەکەم (وشەسازیی زمانی کوردی)، بەشی دووەمیش (لایەنی کارەکیی وشەسازیی زمانی کوردی لە ڕوانگەی سۆشیاڵمیدیاوە)، کە لە ڕووی تیۆری و کارەکییەوە کاریگەرییەکانی سۆشیاڵمیدیا شرۆڤەکراون. توێژەر بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هۆکار و ئامرازێکی کارتێکەری گرنگی سەردەمییانەن بۆ گۆڕانکاریی لە زماندا و پێواژۆی گۆڕانکارییە زمانییەکانیان خێراتر کردووە، هەروەها هەندێک نمونەی نوێی وشەڕۆنان دەکەوتوون (بۆ نمونە ڕۆنانی چاوگی "ژیانکردن")، کە پێشتر نمونەی نەبووە، یان زۆر دەگمەن بووە لە زمانی کوردیدا، ئەمەش بە کاریگەریی پێڕەوی زمانی ئینگلیزی و تێکەڵبوونی بە پێکهاتەی وشەی کوردی.

**وشە کلیلییەکان:** وشەسازی، وشەڕۆنان، سۆشیاڵمیدیا، وشەی وەرگیراو، پەتیکردن، بەکوردیکردن.

## ١. پێشەکی

### ١,١ ناونیشان و بواری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "کاریگەریی سۆشیاڵمیدیا لە وشەسازیی زمانی کوردیدا" هەڵهێنجراوی توێژینەوەیەکی ماستەرنامەیە بە ناوی (زمانی نافەرمیی سۆشیاڵمیدیا و کاریگەریی لە سەر ئاوەزمەندیی گەنجی کورد)، کە تێیدا هەوڵدراوە تیشک بخرێتە سەر کاریگەرییەکانی سۆشیاڵمیدیا لە سەر وشەسازیی زمانی کوردی چ لە ڕووی وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بێگانەوە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، چ لە ڕووی دروستە و ڕۆنانی وشەوە، کە چۆن ئەم وشە وەرگیراوانە ئاوێتەی دروستەی وشەی کوردی دەبن. هەروەها هەوڵەکانی بەکوردیکردن و پەتیکردنی زمانی کوردی پەیوەست بە سۆشیاڵمیدیا خراوەتە ڕوو.

### ١,٢ هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە:

هۆی بنەرەتیی لە هەڵبژاردن و توێژینەوە لەسەر کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی سۆشیاڵمیدیا لە سەر زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەیە، کە لەم بوارەدا توێژینەوەی سەربەخۆ و هەمەلایەنەی زۆر بەکەمیی لە سەر کراوە، چ لە ڕوانگەی کارەکی و بەکارهێنانەوە بێت، چ لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، چونکە بوارەکە نوێیە و بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە و توێژینەوەی دیکەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت لە داهاتوودا. بۆیە گرنگ بوو، کە ئەم بوارە نوێیە تاوتوێ بکەین، بە ئامانجی ئەوەی کاریگەری و لایەنە شاراوە و باسنەکراوەکانی بخرێتە بەر ڕووناکی توێژینەوەکە و تاوتوێ بکرێن.

### ١,٣ ڕێباز و تیۆری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی پەسنی شیکاری ئەنجامدراوە. نمونەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەرگیراون و لە ڕووی تیۆری و کارەکییەوە بە پێی ڕێبازی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بابەتەکە خراوەتەڕوو و شرۆڤە کراوە.

### ١,٤ بەشەکانی توێژینەوە:

جگە لە پوختەی توێژینەوەکە (بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) و پێشەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، توێژینەوەکە بە سەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە، بەشی یەکەم بە ناوی (وشەسازیی زمانی کوردی)، کە دوو پاری سەرەکی لەخۆدەگرێت، ئەوانیش بریتین لە: (وشەسازی و تیۆریی ناونان)، (هۆکارەکانی گۆڕانکاریی لە وشەسازیی زماندا)، ئەم پارەیش لەم وەچەپارانە پێکدێت: (پێویستبوونی خێرایی لە گفتوگۆدا، کاریگەری زمانی ئینگلیزی و جیهانگیری، پرسی زمانی ستانداردی کوردی، کاریگەری نەوەی گەنج و کەلتووری دیجیتاڵی، کەمیی چاودێری و سیاسەتی زمانیی، پێداویستی بۆ دەربرینی هەست و ناسنامەی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی میدیای نوێی کوردی و کاریگەریی ڤلۆگەر و

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Website**https://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12576]
- **Submission Date:** [1/7/2026], **Revised Date:** [2/7/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ئینفلۆنسەرەکان، پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و تایبەتمەندییە نوێیەکانی پلاتفۆرمەکان).

هەرچی بەشی دووەمە بە ناونیشانی (لایەنی کارەکیی وشەسازیی زمانی کوردی لە ڕوانگەی سۆشیالمیدیاوە)، کە ئەم پارانە لەخۆدەگرێت: (وشەی وەرگیراو و کۆدگۆڕینەوە/ کۆدتێکەڵکردن، بەکوردیکردن و پەتیکردنی وشەی بیانی، پێکەوەنوسان (لێکدان و لکاندن)، کورتکردنەوە و ئەکرۆنیم، واتاگۆڕین و فراوانبوونەوەی واتا، وەرگێڕانی وشەبەوشە، ئیمۆجی و هێماکان وەک بەشێک لە وشەسازی) ڕاڤە کراون.

**٢. وشەسازیی زمانی کوردی :**

سۆشیاڵمیدیا وەک یەکێک لە دیاردە گرنگ و فرە ئەرکەکانی ئەم سەردەمە، گۆڕانکاریی قووڵی لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا دروستکردووە، چونکە سۆشیاڵمیدیا بووەتە هۆکارێکی گرنگی پەیوەندیگرتن و پەیوەندیکردن. پەیوەندیکردنیش دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی بە "گواستنەوەی زانیاری (واتە گواستنەوەی پەیامێک) لە نێوان سەرچاوەیەک و وەرگرێکدا لە ڕێگەی نیشانەکانەوە". (Varga, 2010: 8) پێناسە بکرێت. زمانیش وەک دیاردەیەکی ئاوێتەی ئاوەز و کۆمەڵ، بەتایبەتیش وشەسازی، لە یەکەم بەرەدا ڕووبەڕووی کاریگەرییەکانی ئەم تۆڕانە بووەتەوە.

بێگومان، لێرەدا توێژینەوە بە تەنیا لە (وشە) بۆ مەبەستی قووڵبونەوەی توێژینەوەکەیە، ئەگەرنا "هەر چەشنە بەکارهێنانێکی ئاستەکانی زمان بە دابڕاوی لە کارامەیی کەسی، بۆ هەر زمانێک هەوڵێکی بێئاکامە، چونکە مرۆڤ هەمیشە لە کاتی بەکارهێنانی زماندا، واتە لە ئاخاوتندا، چەندین فایل لە ئاوەزیدا ئامادەییان دەبێت و لە نێوان قسەکەر و گوێگریشدا کامیان پەیوەندی بە بابەتی قسەلێکراوەوە هەبێت، دەکرێتەوە" (فرج، ٢٠٠٧: ١٢٣). بە چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی سۆشیاڵمیدیادا، بەتایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا، لە ڕێگەی سەکۆ (پلاتفۆرم)ەکانی وەک (فەیسبووک، مەسنجەر، تویتەر، ئینستاگرام، تەلەگرام و واتسەپ ...)ەوە گۆڕانێکی نوێ لە ئەرک و بەکارهێنانی زمانی کوردیدا هاتووەتە ئاراوە. گۆڕانەکە لە شێوە و ناوەڕۆکی زماندا ڕوویداوە و بەردەوامیشە لەم گۆڕانکارییانە، چونکە کارەکییە ( پراکتیزە) زمانەوانییەکان لەدوای شۆڕشی پەیوەندییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە گەیشتوونەتە ئاستێکی نوێ و بەردەوامن و خەریکن جێگە بە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو لەق دەکەن. لە هەمان کاتدا "پەیوەندیی ڕووبەڕوو، سەرەڕای هەبوونی هەندێک کێبڕکێ لەلایەن شێوازە ئەلیکترۆنییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، هێشتا هێزی سەرەکیی ناسنامەی زمانییە ". (Mesthrie, 2011: 14) ئەم گۆڕانکارییانە هەندێک زماناس بە کێشەی زمانەوانی دەزانن و داوای ڕێگری لێدەکەن، وەکو ڕێزماننوسان و پلاندانەرانی سیاسەتی زمانی. هەندێکی دیکە بە دیاردەیەکی سروشتیی زمانیی دەزانن و پێیان وایە، ناتوانرێت ڕێگری بکرێت لەم گۆڕانە زمانییانە، وەکو کۆزمانەوانان، چونکە بە ڕای ئەمان زمان وەکو بوونەوەرێکی زیندوو وایە، لەدایکدەبێت، گەشەدەکات، تا هێز و گوڕی خۆی وەردەگرێت، پاشان وردەوردە دەپوکێتەوە و لە کۆتاییدا دەبێتە هەوێنی لەدایکبوونی زمانێک، یان چەند زمانێکی نوێ، یاخود بەتەواوی لەناودەچێت و دەمرێت، وەکو زمانی لاتینی، کە ڕۆژانێک زمانی ئاینی و پەیوەندی نێونەتەوەیی بوو، بەڵام ئێستا بە زمانێکی مردوو دادەنرێت.

لە سەردەمی ئینتەرنێت و تۆڕ و پەیوەندییە جیهانییەکاندا، هەندێک زمان هەژموونی باڵادەستییان بەسەر زمانەکانی دیکەدا سەپاندووە، وەکو زمانی ئینگلیزی، کە لەم ڕۆژگارەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا بەکاردەهێنرێت و قسەکەرێکی زۆری زمانەکانی دیکەی جیهان لە گفتوگۆ و ئاخاوتنەکانیاندا لە کاتی پەیوەندییە گشتییەکاندا زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکە بەکاردەهێنن و سیمای فرەزمانی(Multilingualism) بەخشیوە بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی زۆرێک لە خەڵکی لە سەرانسەری گۆی زەویدا، بەمەیش زۆرێک لە وشە و دەستەواژە بیانییەکان ئاوێتەی زمانەکانی دیکە دەبن، کە "تێکەڵکردنی ئینگلیزی و تێکەڵکردنی زمانە بیانییەکان لە چوارچێوە کلتورییە جیاوازەکاندا، واتا کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە خۆشیان پەرەپێدەدەن". (Lau, 2023: 177) واتە تێکەڵکردنی زمانی ئینگلیزی هەر کاریگەریی لەسەر لایەنی زمانی وەکو وشە و زاراوەوە نییە، بەڵکو کاریگەریی لە زۆر لایەنی دیکە هەیە، بەتایبەتی گۆڕینی ئاوەزمەندی و تێڕوانینەکان، چونکە "کاراترین هۆکارێک، کە مرۆڤ بۆ پەڕینەوەی بیری خۆی لەنێوان تاکەکاندا گرتبێتییەبەر، زمانی ئاخاوتنە" (فرج:٢٠٠٧: ١٢١). زمانی کوردیش بێبەش نەبووە لەم هۆکارە سەردەمییانە و وەکو زمانێکی زیندوو بەر کاریگەرییە زمانییەکانی ئەم تۆڕانە کەوتووە، بەتایبەتی لە ڕووی کێڵگەی فەرهەنگی و وشەسازییەوە.

وشەسازی وەک لقێکی گرنگی زمانناسی لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی دروستکردنی وشەی نوێ دەکات. پێواژۆی دروستکردنی وشە "بریتییە لە ڕۆنانی وشەی نوێ لە ڕێگەی کەرەستە هەبووەکانەوە" (Trask, 1997: 14). یان وشەسازی واتە دروستبوونی وشە: "بریتییە لە پێواژۆی دروستکردنی وشەی نوێ لە زمانێکدا " (Ghafoory & Hamasalih, 2025: 279). لە سۆشیاڵمیدیادا، ئەم بوارە تووشی گۆڕانکاری و ئەدگاری تایبەتی بووەتەوە. بەپێی بۆچوونی کریستاڵ (Crystal) "تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بووەتە هۆی دروستبوونی ژانرە نوێیە زمانییەکان، کە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئاخاوتن و زمانی نوسراو تێکەڵ بە یەکتر دەکات". (Crystal, 2011: 19) و شێوازێکی نوێی نوسین و وشەڕۆنانی هێناوەتە ئاراوە، کە لە ڕێسا زمانییەکانی پێشتر جیایە.

"مۆرفۆلۆژی، کە لقێکی گرنگی زانستی زمانە، خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە ڕووکارە جیاوازەکانی وشە لەوانە: واتا، پێکهاتە، بەکارهێنان، کەتیگۆڕیی وشە و هتد" (مستەفا، ٢٠٢١ :٦) . واتە وشەسازی " ئەو زانستەیە، کە لە پێکهاتەی ناوەکی وشەکان و ئەو یاسایانەی کە وشەکانی لێدروستبووە دەکۆڵێتەوە". (Fromkin, 2011: 41) ، یان وکو مەعروف (٢٠١٤) دەڵێت: "مۆرفۆلۆژی بریتییە لە زانستی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ناوەکی وشەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە ناویاندا ڕوودەدەن" (Ghafoory & Hamasalih, 2025, 278)

"وشەکانی زمان لە پێرەوێکی هێماییدا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و پێرەوی هێمایی زمانەکەن و سیستەمی زمانەکەن". (مستەفا، ٢٠٢١ :٦) کەواتە وشە، کە دانەیەکی گرنگ و لە هەمان کاتدا سرکی زمانە، بۆ خۆی بیرکردنەوەیە، مێژووە، فەلسەفەیە، تیروانینە، ژیانە. "دیارە، گواستنەوەی بیریشت، کە لە ڕێی وشە و دەستەواژە و ڕستەوە دەبێت و هەر یەک لەم پێکهاتانە هەلومەرجی ڕۆنان و کارکردنی خۆیانیان بەپێی ڕێزمانی زمانەکە دەبێت".

(فرج، ٢٠٠٧: ١٢٣). هەر بۆیە بۆ زیاتر ناساندن و پەیبردن بە لایەنە پەنهانەکانی وشە، چەند تایبەتمەندییەکی دەخەینەڕوو:
ڤینوگرادۆڤ دەڵێت: " بە وشە، ناو لە شتی کونکریتی و چەمکی ئەبستراکتی دەنرێت، هەڵچوون و پەستبوون (ئیمۆشن) و ئیرادە و ئارەزووی مرۆڤ و کەتیگۆرییە گشتییەکانی پەیوەندییە ژیانییەکان، دەردەبڕێت". یاخود (بەرانینکۆڤا) دەڵێت: " وشە وەکو گرنگترین دانەی زمان هەڵسوکەوت دەکات. ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە سەرەکیترین یەکەی/ئێلیمێنتی دروستەی زمانی تێیدا یەکیان گرتووە. دەتوانرێت لە وشەدا لایەنی دەنگی، ڕێزمانی (گراماتیکی)، لێکسیکی، جیابکرێتەوە، ئەو لایەنانە پێکەوە لە یەکێتییەکی (وشە) دان." (Ghafoory & Hamasalih, 2025, 275–297)
پێش سەرهەڵدانی بیرۆکەی مۆرفیم، بچوکترین دانەی زمان، کە لەلایەن زمانەوانە دێرینەکانەوە بە چاوێکی گرنگەوە تەماشادەکرا و کاری لەسەر دەکرا، بریتی بوو لە وشە، چونکە بە لای ئەوانەوە وشە بچووکترین دانەی واتاداری زمان بوو. هەربۆیە " ڕێزمانی تەقلیدی وشەی بە بنج داناوە بۆ شیکردنەوەی زمان " (ئەمین، ٢٠٠٩ :٣٦٣). لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرۆکەی مۆرفیمیشدا وشە ڕۆڵی خۆی لەدەست نەدا، بەڵکو کاتێک "دەگەینە سەر گرنگی مۆرفیم وەک کەرەسەیەکی بنەڕەتی ڕێزمان، نابێ گرنگی وشە لە یاد بکەین. وشە دانەیەکی بڵاوتر و دانەیەکی فەرهەنگییە، کە سەربەخۆیی زیاتری لە مۆرفیم هەیە". (مستەفا، ٢٠٢١ :٢١). و تا ڕادەیەکی زۆر چەمک و واتاکەی جێگیر و چەسپاوە.
شەحەدە فارع و ئەوانی تر ( شحدة فارع واخرون :٢٠٠٦) ئەم کۆزانیارییانەیان بۆ ناسینەوەی وشە بە مەرج داناوە:
أ - **زانیاریی دەنگیی:** پەیوەستە بە بینای دەنگیی (فۆن) لە وشەدا، هاوکات زانیاریی چۆنێتی درکاندن و ڕێکخستنی لە چوارچێوەی وشەدا.
ب - **زانیاریی مۆرفۆلۆژیی:** زانیاری دەربارەی دروستەی وشە و شێوازەکانی لێکدان و دارشتن.
پ - **زانیاریی سینتاکسیی:** پەیوەستە بە ئەرکی وشە لە ڕستەدا، هاوکات شوێن و پەیوەندیی وشەکان بە پاش و پێشی خۆیەوە.
ت - **زانیاریی سیمانتیکیی:** پەیوەستە بە واتا و سیما واتاییەکانی وشەوە.
ج - **زانیاریی پراگماتیکیی:** پەیوەستە بە بەکارهێنانی وشەکە لە دەوروبەری (context) جیاوازدا .

***٢,١ وشەسازی و تیۆری ناونان:***

کاتێک ئاوەزی کۆمەڵگەیەک لە قۆناغێکی کلتورییەوە دەگۆڕێت بۆ قۆناغێکی دیکە (بۆ نمونە گۆڕان لە کۆمەڵگەیەکی لادێنشینی کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی شارنشینی دیجیتاڵی)، سیستەمی ناونانیش هاوشانی ئەم گۆڕانە نوێدەبێتەوە و کلتورەکانیش بەپێی بارودۆخی ژینگەیی و هزرییان چەمکەکان پۆلێن دەکەن، چونکە وەکو (حاتەم صالح الضامن) دەڵێت: "زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئامێرێکی گوزارشتکردنیشە لەوەی لە کۆمەڵدا لە ئارادایە". (فرج:٢٠٠٧: ١٢٤) ئەمەیش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە فەرهەنگ و زمان و کلتور و پۆشاک و خواردن و ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگەدا بەڕوونی هەستی پێدەکرێت.
وشەسازی لەلایەن دۆکولیلییەوە (١٩٩٧) وەک بوارێکی سەربەخۆ لە ناو سیستەمی زماناسیدا لێکدەدرێتەوە. بەردی بناغەی تیۆریی ئۆنۆماسیۆلۆژی (ناونان) بۆ وشەسازی، بریتییە لە چەمکی پۆلێنی ئۆنۆماسیۆلۆژی. هەر کـرداریکی ناونانی شتێک، لەسەر بنەمای ڕەنگدانەوە و پرۆسێسکردنێتی لە ناو هۆشیاری (ئاوەزمەندیی) مرۆڤدا. (Štekauer & Lieber 2005: 112)
پۆلێنە ئۆنۆماسیۆلۆژییەکان لەلایەن دۆکولیلییەوە بەو جۆرە پێناسە دەکرێن، کە بریتین لە جۆرە جیاوازەکانی داڕشتنی چەمکێک بە مەبەستی دەربڕینی لە زمانێکی دیاریکراودا، واتە ئەو پێکهاتە چەمکییە بنەڕەتییانەی، کە دەبنە بنەما بۆ کرداری ناونان لە بنەڕەتدا ئەمانە لە دوو توخم پێکدێن، کە بریتین لە (بنەما) و (نیشانە). بۆ نمونە، بنەمای ئۆنۆماسیۆلۆژی بۆ وشەی (تووترک– blackberry ) بریتییە لە (توو – berry)، نیشانە ئۆنۆماسیۆلۆژییەکەشی بریتییە لە (ڕەش- black) (سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٥ :١١٢). بەپێی ئەم تێڕوانینەی دۆکولیلی داهێنانی ئامرازی تەکنۆلۆژی و ئەپەکانی سۆشیاڵمیدیا بنەمایە بۆ ناونان و داهێنانی چەمکێکی نوێ لە زماندا، یان هەندێکجار وشەیەکی دیکە بە پێی بنەما و نیشانەکەی دۆکولیلی واتایەکی نوێی لێ باردەکرێت، هەروەکو باختین دەڵێت: "وشە لە زماندا هەمیشە نیوەی هی کەسێکی ترە، تەنیا کاتێک دەبێتە موڵکی ئاخێوەر، کە ئاخێوەرەکە پڕی بکات لە نێت و مەبەست و ئاوەزی خۆی، کاتێک وشەکە بۆ خۆی دادەبڕێت و دەیگونجێنێت لەگەڵ مەبەستی واتایی و دەربڕینی خۆیدا". (Bakhtin, 1994: 77)
پەیوەست بەم تێڕوانینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کاتێک ئێمە گوێمان لە وشەی (ڕادیۆ) دەبێت، ئاوەزمان بۆ واتای ڕاستەقینەی خودی ئامێری (ڕادیۆ) ناچێت، هەروەها ئاوەزمان بۆ واتا پراگماتیکییەکانی وەکو (قسە زۆر کردن) و (گوێنەگر)دا ناچێت، چونکە " پێش ئەم چرکەساتەی دابڕین، وشە لە ناو زمانێکی بێلایەن و بێ کەسایەتیدا بوونی نییە، بەڵکو وشە لە ناو دەمی خەڵکی تردا، لەناو کۆنتێکست و دەقەکانی خەڵکی تردا هەیە، خزمەت بە نێت و مەبەستی خەڵکی تر دەکات". (سەرچاوەی پێشوو، 1994 :77 )، بەڵکو ئاوەزمان بۆ واتایەکی نوێ دەچێت، کە ڕادیۆ بنەماکەیە بۆ نیشانەی چەمکێکی نوێ، کە قسەکەر مەبەستێکی نوێی پێبەخشیوە، بۆ خۆپاراستن و خۆشاردنەوە لەو هەڵەیەی، کە کردوویەتی و ویستوویەتی لە ڕێگەی ڕادیۆوە ڕەخنەی خۆی ئاراستەی بەرامبەر (دەسەڵات) بکات، چونکە لە ڕادیۆدا گوێگر نازانێت، کە قسەکەر کێیە و سیمای چۆنە. ئەمە لە کاتێکدا بەکارهێنەری تۆڕەکان ئەم بنەما و نیشانەیەی قسەکەری (وامزانی ڕادیۆیە)ی وەکو خۆی وەرنەگرت و واتا و مەبەستێکی نوێیان پێدا (کە داوای لێبوردنکردن و پەشیمانییە)، ئەم مەبەستەیش دوورە لە مەبەستەکانی پێشوو، لەبەرئەوەی " زمان ئامرازێکی بێلایەن نییە، کە بە ئازادی و بەئاسانی ببێتە موڵکی تایبەتی نێتی قسەکەر؛ بەڵکو زمان پڕکراوە (یەکجار پڕکراوە) لە نێت و مەبەستی کەسانی تر". (سەرچاوەی پێشوو، 1994: 77)
کەواتە وشە لە سۆشیاڵمیدیادا واتا و مەبەست و ڕووخساری نوێ وەردەگرێت، جا چ لەلایەن قسەکەرەوە بێت، یان بینەر/ بیسەرەوە، ئەمەیش بووەتەهۆی دەرکەوتنی شێوازی نوێی زمانیی، وەکو کریستاڵ ئاماژەی پێکردووە. "لە سەردەمی دیجیتاڵدا، ( سەکۆکانی سۆشیاڵمیدیا وەک فەیسبووک) ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە داڕشتنی شێوازی بەکارهێنانی زماندا، کە ڕێگە بۆ فۆرمگەلی نوێی پەیوەندیکردن و کارلێککردن خۆش دەکات" (Crystal, 2006: 129) و هۆکارەکانی گۆڕانکاریی لە زماندا خێراتر دەکات.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12576]
- **Submission Date:** [1/7/2026], **Revised Date:** [2/7/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

## ٢,٢ هۆکارەکانی گۆڕانکاریی لە وشەسازیی زماندا:

### ٢,٢,١ پێویستبوونی خێرایی لە گفتوگۆدا:

یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی گۆڕانکاری وشەسازیی لە سۆشیاڵمیدیادا، پێداویستی خێراییە لە دروستکردن و ناردنی پەیامەکاندا. لە تۆڕەکاندا کات خێرا تێدەپەڕێت و هەواڵ و بابەتی جۆراوجۆر زۆرن، کە بەکارهێنەر خولیای زانینیانی لە کەمترین کاتدا هەیە، بەمەیش بەرفراوانبوونی بەکارهێنانی وشە کورتکراوەکان و دەقە کورتەکان لە سۆشیاڵمیدیادا بووەتە پێویستییەکی ناچاری. بارۆن (Baron) ئاماژە بەوە دەدات، کە"بە گشتی زمانی ئۆنلاین (سەرهێڵ) بە ئاراستەی کەمکردنەوەی زەحمەتی تایپکردن و زیادکردنی خێرایی گفتوگۆ دەڕوات ". (Baron, 2008: 161) ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی، کە چەندین دیاردەی گۆڕانی زمانیی نوێ لە زمانی کوردیدا بێتە ئاراوە، وەکو: کورتکردنەوەی وشەکان، بەکارهێنانی ئەکرۆنیم، پێکەوەنوساندن، لابردنی بزوێنەکان لە وشە ناسراوەکاندا و بەکارهێنانی ئیمۆجی وەک جێگرەوەی چەندین وشە. ئەم پێداویستییانە لە زمانی کوردیدا بوونەتە هۆی پەسەندکردنی وشە وەرگیراوە کورتەکان لە بەرامبەر هاوواتا کوردییە درێژەکاندا. بۆ نمونە "پۆست (Post) "بەکاردێت لە بری" بابەتی بڵاوکراوە"،" لایک (Like) " لە بری"پەسەندکردن"، " شێر (Share) " لە بری" هاوبەشیکردن". بەکارهێنەرانی کورد لەبەر خێرایی و ئاسانیی بەکارهێنانیان لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا، وشە وەرگیراوە کورتەکانیان لا پەسەندترە.

### ٢,٢,٢ کاریگەری زمانی ئینگلیزی و جیهانگیری:

زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی سەرەکیی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت، کاریگەریی قووڵی لەسەر هەموو زمانەکانی جیهان دروست کردووە .کریستاڵ (Crystal) باس لەوە دەکات، کە "زمانی ئینگلیزی بووەتە (لینگوا-فرانکا)ی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، ئەم دۆخە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر زمانەکانی دیکە دروستکردووە". (Crystal, 2001: 85)

زۆرێک لە چەمکە تەکنەلۆژییەکان سەرەتا بە ئینگلیزی دروستبوون و هاوواتایەکی ڕاستەقینەیان لە زمانەکانی دیکەدا نییە. بەڵام دواتر بە پێی پێواژۆ زمانییەکان مامەڵە لەگەڵ ئەم وشانەدا دەکرێت. کاتێک ئەم چەمکانە دەگەنە زمانی کوردی، سێ ڕێگا هەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان:

**یەکەم:** وەرگرتنی ڕاستەوخۆی وشەکە: هاشتاگ (Hashtag)، سێڵفی (Selfie) ، میم(Meme) .

**دووەم:** دروستکردنی هاوواتای کوردی لە ڕێگەی بەکوردیکردن، یان پەتیکردنەوەوە: ماڵپەڕ بۆ(Website) ، تێپەڕەوشە بۆ (Password)، هەواڵدان بۆ (News Feed) .

**سێیەم:** تێکەڵکردنی دوو شێواز، بەکارهێنانی وشە بیانییەکە لەگەڵ وشەیەکی دیکەی زمانی کوردی :پۆستکردن، لایککردن، فۆڵۆکردن.

لە بواری تەکنەلۆژیا و سۆشیاڵمیدیادا، زیاتر زاراوە تایبەتەکان لە ئینگلیزییەوە ڕاستەوخۆ وەرگیراون بەبێ گۆڕانکاری بنەڕەتی.

### ٢,٢,٣ پرسی زمانی ستانداردی کوردی:

زمانی کوردی وەک زمانێکی فرەدیالێکت، خاوەنی تایبەتمەندیی ڕێزمانی و وشەسازیی تایبەت بە خۆیەتی، کە ئەم زمانە بە ئەلفوبێی جیاواز دەنوسرێت و یەک ڕێنوسی یەکگرتوو و یەک زمانی ستانداردی نییە، کە هەموو قسەکەرانی کورد کۆک بن، کە یەک ڕێنوس (orthography) و یەک شێوازی زمانیی لە نوسین و قسەکردندا بەکاربهێنن. چونکە "زمانی ستاندارد، ئەو زمانەیە، کە پرۆسەکانی بەستانداردکردنی بەسەردا جێبەجێکراون". (حەمەسعید و فرج، ٢٠١٤: ١٤٦) واتە "زارێک، یان شێوەزارێک دەکرێتە پێوەر بۆ پێوانەکردنی زارەکانی تری هەمان زمان، یاسا و ڕێساکانی ئەو زارە بەسەر زارەکانی تردا دەسەپێنن. دەرچوون لەو یاسایانە بە ناوازە، یان بە هەڵە دادەنرێت". (خۆشناو، ٢٠١٣: ٦٩).

یەکێک لە گرفتەکانی زمانی کوردی، نەبوونی ئەکادیمیایەکی یەکگرتوو، یان دەزگایەکی بەهێز بۆ ستانداردکردن و دروستکردنی زاراوەی نوێیە لە هەموو پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان. زمانی کوردی لە چەند دیالێکتێکی سەرەکی: کرمانجی ژووروو (بەناو بادینی)، کرمانجی ناوەڕاست، یان کرمانجی ناوەندی (بەناو سۆرانی) ، کرمانجیی خواروو (بەناو لوڕی) و دیالێکتی گۆران (ناسراو بە هەورامی/ زازاکی) و چەندان وەچەدیالێکتی لاوەکی وەکو: (لەکی، کەڵهوڕی، خانەقینی، گەرمیانی، ئەردەڵانی، موکریانی، جزیری، بۆتانی، ...) پێکدێت. کە ئەمانە بەردەوام لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، لە پۆست و کۆمێنت و چات و لایڤ و ڤلۆگ و ڕیکلام و ... بە هەردوو شێوازەکەی (ئاخاوتن، نوسین) بەکاردەهێنرێن، کە ئەمەش پێواژۆی چارەکردن بە پلانی زمانی و سیاسەتی زمانی ئەم فرەبینوسینە ئەستەمتر دەکات و یەکێکیش لەم پێواژۆیانە پەیڕەوکردنی یەکستانداردی یەک شێوەزارە "بۆ ستانداردکردنی شێوەزاری سلێمانی (کرمانجیی ناوەڕاست) پێویستمان بە فەرهەنگی ئاوەزیی و شیکردنەوەی پەسنکەرانەی زمانی ئاخاوتنەکە و دەرهێنانی ڕێزمانەکەیەتی وەک مۆدولێکی مێشکی مرۆڤی کورد". (حەمەسعید و فرج، ٢٠١٤: ١٤٥)، چونکە فرەیی دیالێکتی و نەبوونی ستانداردی یەکگرتوو و بەکارهێنانی ئەم شێوە جیاوازانە لە سۆشیاڵمیدیادا دەبێتە هۆی جیاوازی لە وەرگرتن و دروستکردنی وشە و زاراوە نوێیەکان، واتە ئەم جیاوازییە زاری و زمانییانە پێویستیان بە پێواژۆی چارەسەری هەیە "ئەو جیاوازییە زمانیانەی لە زمانێکدا بوونیان هەیە، نەک هەر مەترسی نین لەسەر دروستبوونی زمانی ستاندارد، بەڵکو دەشبێتە بنەمایەکی بەهێزی زمانی ستاندارد، ئەگەر مامەڵەیەکی دروستی زمانەوانیانە و کۆزمانەوانیانە لەگەڵ ئەو جیاوازیانەدا بکرێت". (قادر، ٢٠١٣: ٧٩). وەکو:

کرمانجی ناوەندی: پۆست بکە / کرمانجی ژووروو: bişîne

کرمانجی ناوەندی: هەواڵدان / کرمانجی ژووروو: nûçegihandin

"هەبوونی دوو پێڕەوی نوسیین لەگەڵ دوو زاری بەستانداردبوودا، گرفتێکی تری بار و حاڵەتی ئەمڕۆی زمانەکەمانە" (حەمەسعید و فرج، ٢٠١٤: ١٥١)، هەرچەندە هەوڵی تاکەکەسی و کۆمەڵ و دەستە هەبووە بۆ دروستکردنی فەرهەنگی تەکنەلۆژی بە کوردی، وەکو هەوڵەکانی (زانستپەروەرانی کورد)، بەڵام ئەم هەوڵانە نەیانتوانیوە، کاریگەریی بەرفراوانی لەسەر بەکارهێنانی ڕۆژانەی خەڵک هەبێت. هۆکارەکانیش بریتین، لە: زاڵبوونی زاراوە جیهانییە تەکنەلۆژییەکان، خێرایی گۆڕانکاریی تەکنەلۆژی، کەمیی بڵاوکردنەوە و پەسەندنەکردنی لەلایەن بەکارهێنەرانەوە،

چونکە هەندێک لە وشە پێشنیارکراوەکان یان درێژن، یان ئاڵۆزن، لەبەرئەوە زمانبەکارهێنەرانی تۆڕەکان خۆیان بەدوور دەگرن لە بەکارهێنانیان. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێل لەم هەوڵانە سەرکەوتوو بوون و بەردەوام هەوڵی نوێیش دێتە ئاراوە.
بڕوانە بۆ ئەم نمونانە:
ڕوونما، ڕووتەخت، بارگاویکردنەوە، یادگە، بیرگە، . . .
/https://web.facebook.com/share/g/1Duhz28XRa

**٢,٢,٤ کاریگەریی نەوەی گەنج و کەلتوری دیجیتاڵی:**
نەوەی گەنج، یان نەوەی دیجیتاڵی "Digital Natives" ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە گۆڕانکاریی زمانی سۆشیاڵمیدیا. تاگلیامۆنتی (Tagliamonte) دەڵێت: "گەنجان زۆرجار پێشەنگی گۆڕانکاریی زمانین و نوێکاریی زمانی لە ڕێگەی ئەوانەوە بڵاو دەبێتەوە". (Tagliamonte, 2016: 156)، چونکە بەکارهێنەری سەرەکی و زۆرینەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گەنجانن و بەردەوام ژمارەیان لە هەموو تۆڕەکاندا لەزیادبووندایە، گەنجان وەکو بەتەمەنەکان نین، کە ئەپێک، یان دوو سێ دانە بەکاربهێنن، بەڵکو زۆربەیان نزیکەی هەموو ئەپە جیاوازەکانی وەکو (فەیسبووک، ئینستاگرام، سناپچات، یوتوب، تەلەگرام، تیکتۆک و ئەپەکانی یاریی ئەلیکترۆنی (بۆ نمونە پۆبجی) بەبەردەوامی بەکاردەهێنن، "ئەو ڕۆڵەی، کە هەرزەکاران وەک سەرکردە و داهێنەرانی گۆڕانکاریی زمانەوانی هەیانە، ... ئەو قۆناغەیە، کە تێیدا بەکارهێنانی داهێنەرانەی زمان زیاد دەکات و دەگاتە بەرزترین لوتکەی خۆی". (Morales, 2017: 1-2) لەبەرئەوەی "هەرزەکاران لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا بە ڕێژەیەکی بێپێشینە کۆمپیوتەری ماڵەوە [هەروەها لاپتوپ و مۆبایل و تابلێت و ...] لەناو کۆمەڵگە گریمانەییە (ڤێرچواڵ)ەکاندا بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن، کە بەردەوام لە فراوانبووندان". (Tagliamonte & Denis, 2008: 3)، لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە "هەرزەکاران داهێنەر و بزوێنەر و هەژێنەری گۆڕانکاری زمانەوانین و ئومێدی داهاتوون". (Tagliamonte, 2016: xiv) بەهۆی "ئەم تێکەڵاوییە زمانەوانییە، کە تایبەتمەندییەکی ڕەسەنی خودی شێوازەکەیە، تاکەکان لەناو سەرجەم ئەو شێوازە بەردەستانەدا دانەیەک هەڵدەبژێرن، کە پێڕەوە زمانەوانییەکەیان پێشکەشی دەکات و سود لە تەواوی ئەو کۆگا زمانەوانییە وەردەگرن، کە لە کاتێکی دیاریکراودا وەریانگرتووە". (Tagliamonte & Denis, 2008: 27) هەروەها ئاراستە تاکەکەسییەکانی گۆڕانکاریی زمانەوانی، پەیوەستە بە تەمەنەوە بەرەو شێوازە فراوانەکانی گۆڕانکاری لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، بەم پێیەش" داهێنانی هەرزەکاران وەک هێزی بزوێنەری گۆڕانکاریی زمانەوانی دادەنرێت". (Holmes-Elliott, 2017: 743). نەوەی گەنج زۆرێک لە وشە و دەستەوشەی نوێ وەردەگرن، کە لەناو گرووپەکانی تایبەت خۆیان بەکاری دەهێنن، وەک:
"فەیک (Fake) " واتە ساختە، "کرینج (Cringe) "، " ڤایب (Vibe) "، " فلێکس (Flex) "، " ئۆڤەر (Over) "، "کریێتیڤ (Creative) " ... جگە لەمانە دەیان وشەی دیکەیان وەرگرتووە و لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەبەردەوامی بەکاری دەهێنن.
هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت، کە "لە گفتوگۆی هەرزەکاراندا، شێوازە فەرمییەکانی زمان هێندە دڵخواز نین، چونکە نامەگۆڕینەوەی خێرا (IM) ژینگەیەکە، کە هەرزەکاران تێیدا ئازادن لە بەکارهێنانی شێوازی تایبەت بە خۆیان ". (Tagliamonte & Denis, 2008: 27)ئەم ئازادییە، هۆکارێکی کارتێکەرە لە زمان و گۆڕانکاری.

**٢,٢,٥ کەمیی چاودێری و سیاسەتی زمانیی :**
بە بەراورد لەگەڵ زۆرێک لە زمانەکانی دیکە، چاودێریی و یاسای توند لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی زۆر کەمە، یان هەر نییە. بۆ نمونەیەکیک لە کۆنترین ئەکادیمیاکان (ئەکادیمیای ئیتاڵی Accademia della Crusca - ١٥٧٢) لە فلۆرەنسا دامەزرا وەک یەکێک لە نموونە سەرەتاییەکانی پاراستن و ڕێکخستنی زمان (Ferguson, 2006: 26). هەروەها دەوڵەتی فەرەنسا ڕێسای توند پەیڕەو دەکات بۆ زمانی فەرەنسی لە بەرامبەر زمانی ئینگلیزی، کە مێژووی ئەم زمانپارێزییە زۆر دێرینە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٦٣٤) بە ناوی ئەکادیمیای فەرەنسی لەلایەن کاردیناڵ ڕیشیلیۆوە وەک دامەزراوەیەک بۆ پاککردنەوە، فراوانکردن و پاراستنی زمانی خەڵک لە کاریگەرییەکانی ئینگلیزی دامەزرا (سەرچاوەی پێشوو، 27 :2006). هەروەها ئەکادیمیای شاهانەی ئیسپانی (Real Academia Española - ١٧١٣)، ئەکادیمیای ڕووسی (١٧٨٣)، ئەکادیمیای سویدی (١٧٨٦)، و ئەکادیمیای هەنگاری (١٨٣٠)، بۆ هەمان ئامانجی پاراستن و ڕێکخستنی زمان دامەزران، لیژنەی نێودەوڵەتی زمان بۆ ستانداردکردنی زمانی سەواحیلی (١٩٣٠)، ئەنجومەنی نەتەوەیی زمانی ئیندۆنیزی (١٩٤٧)، و دامەزراوەی زمانی مالیزی (Dewan Bahasa dan Pustaka - ١٩٥٦) بۆ گەشەپێدان و ڕێکخستنی زمانەکان پێکهێنران. (سەرچاوەی پێشوو، 27 :2006)
بەڵام ئەم ڕێسا توند و دامەزراوە ئەکادیمییانە بۆ زمانی کوردی، یان بەلاوازی لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە دامەزراوە، یان هەر نییە، ئەمە لە لایەکەوە ئازادی زیاتری تێدایە بۆ نوێکاری، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی پەرشوبڵاوی و نەبوونی سیاسەتی زمانیی کوردی. زمانی کوردی نەکراوە بە یەک جۆر (زار)ی ستانداردی یەکگرتوو، لەبری ئەوە، زمانێکی فرەناوەندە، دابەشبوونی جوگرافیای سیاسیی کورد بەسەر چوار دەوڵەتدا، شانبەشانی نەبوونی ڕێکخستنێکی گشتگیری زمانەوانی، بەردەوام ڕێگر بووە لە پرۆسەی ستانداردسازی و یەکگرتوویی زمان. "سیاسەتە جیاوازەکان بەرامبەر بە زمانی کوردی، شانبەشانی هۆکارە جوگرافی و سۆسیۆ-ئابوورییەکانی تر، بەشدارییان کردووە لە سەرهەڵدانی ئاڵنگاریی تایبەت بۆ زمانەکە. لەنێو ئەمانەدا نەبوونی زمانێکی ستانداردی هاوبەش، سیستەمێکی نووسینی یەکگرتوو و تێگەیشتن لەیەکتر هەیە لە نێوان گرووپە زارە سەرەکییەکاندا". (Sheyholislami, 2015, 30)هەرچەندە ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر هەیە، بەڵام کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی ڕۆژانەی زمان کەمە، یان هەر نییە، بڕیار و ڕاسپاردەکانیان ناگاتە هەموو بەکارهێنەرانی تۆڕەکان و ئەگەر لێرە و لەوێش بەکارهێنەر ئاگاداری ئەم بڕیارانە بێت، لەوانەیە ئارەزووی پەیڕەوکردنی نەبێت، چونکە تۆڕەکان خۆیان بە جۆرێک داهێنراون، کە ئازادیی تاکیان بە لاوە گرنگترە لە بڕیارەکانی ستانداردکردن و پلانی زمانی.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12576]
- **Submission Date:** [1/7/2026], **Revised Date:** [2/7/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

هەروەها وڵاتانی داگیرکەر یاسا و بڕیاری تایبەت بە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردییان نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە یاسا و مەرجی توند و سەخت دەخەنە بەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندنی زمانی کوردی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکانیان. "بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی ئێستای تورکیا، تەنانەت ئەو ناوانەی کوردی، کە پیتە باوەکانی کوردی ( 'w' و 'x' و 'q' ) لەخۆدەگرن، ناتوانرێت بە فەرمی بناسرێن و بەکاربهێنرێن، چونکە تەنیا دەتوانرێت ئەو ناوانە لە منداڵان بنرێت، کە ئەلفوبێی زمانی تورکی بەکاردەهێنن و ئەم سێ پیتەیش لە ئەلفوبێی تورکیدا نین". (Gunter, 2008, 100-101) لە ڕابردوودا چەندین نمونە هەبوون، سەبارەت بەم پلانسازییە دژبەرییە، وەکو داخستنی (roj tv)، چونکە "ڕۆژ تیڤی، کە وێستگەیەکی تەلەڤیزیۆنیی کوردی بوو لە دانیمارک و پەیوەندی بە پەکەکەوە هەبوو، هۆشیاریی نەتەوەیی کوردی لە سەرتاسەری تورکیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپادا بەرز کردەوە". (هەمان سەرچاوە، 91:2008) بەپێچەوانەی میدیای چاپکراوەوە، "سەرکوتکردنی مید-تیڤی نەدەکرا لە ناو سنوورەکانی وڵاتدا قەتیس بکرێت. کەناڵەکە لە چەندین پانتاییدا کاری دەکرد، کە تەنیا بەشێکیان لەگەڵ سنووره خاکییەکانی دەوڵەتدا یەکیان دەگرتەوە... ئامێری پەخشکردنەکە... لە دەرەوەی زەوی بوو و لە دەرەوەی دەستی فیزیکیی تورکیا بوو". (Hassanpour, 1998: 60) لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە داخرا، ئەگەرچی کەناڵەکە لە دەرەوەی ئەو وڵاتەیش (واتە تورکیا) بوو. هەروەها "کەناڵی ٢١، کە وێستگەیەکی تەلەڤیزیۆنی بوو لە دیاربەکر ، بەهۆی پەخشکردنی مۆسیقایەک, کە وا دانرابوو، هاندەری جیابوونەوەی کورد بێت، داخرا ". (Gunter, 2008: 84)، بەڵام لە سەکۆ جیهانییەکانی (فەیسبووک، تویتەر، ئینستاگرام، تەلەگرام، مەسنجەر . . .)دا هیچ یاسایەکیان نییە سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە تایبەتەکان، ئەمەیش واتە هەر کەسێک ئازادە بە هەر شێوەیەک زمانی خۆی بەکاربهێنێت، بێ ئەوەی دەوڵەتانی داگیرکەر بتوانن ڕێگری لێبکەن، بۆیە ئەم تۆڕانە بوونەتەماڵێکی دیجیتاڵی بۆ هەموو کورد لە ناوەوە و دەرەوە (بڕوانە: Sheyholislami, 2011). لەم سەکۆیانەدا کوردان پێکەوە ڕۆژانە گفتوگۆ و پۆست و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر ئاڵوگۆڕ دەکەن، بێگومان ئەمەیش وەکو ڤان دیک (van Dijk, 1998) و فێرکلۆ (Fairclough, 2001) ئاماژەی بۆ دەکەن، کاریگەری لەسەر ئاوەزمەندیی زمانیی بەکارهێنەر هەیە و دەبێتە هۆکارێکی گرنگی گۆڕانکاریی لە زمان و گوتاری هاوبەشدا.

**٢,٢,٦ پێداویستی بۆ دەربڕینی هەست و ناسنامەی کۆمەڵایەتی:**

پەرەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا و سەرهەڵدانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی قووڵ و ڕیشەییان خستووەتە سەر چۆنێی ئاخاوتن و کارلێکی مرۆڤەکان. لەم سەردەمەدا، سۆشیاڵمیدیا نەک هەر تەنیا ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی زانیاری، بەڵکو بوارێکە بۆ دەربڕینی هەست، ناسنامە و پێگەی کۆمەڵایەتی. گەنجان و بەکارهێنەران لە ڕێگەی داهێنانە زمانەوانییەکانیانەوە، وێنایەکی نوێ بۆ پەیوەندییەکان دروست دەکەن. "لە جیهانێکدا، کە سۆشیاڵمیدیا شۆڕشی لە نەریتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانماندا کردووە و ژیان و وێناکردنی گەنجەکانمان تا دێت زیاتر بەرەو دیجیتاڵی و گریمانەیی دەچێت [بۆ نمونە] شێوازی بازاڕی/ ڕەشۆکی (slang) وەک کارێکی مەبەستداری یاخیبوونی زمانەوانی وەسف دەکات، کە ئەرکە سەرەکییەکەی بریتییە لە شۆککردن، یان شانازیکردن بە پێچەوانەی شتە باو و ئاساییەکانەوە". (Morales, 2017:2) ئەم جۆرە یاخیبوونە و بەکارهێنانی وشەی ناساز و نوێ، تەنیا بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێسا کۆنەکانی زمان نییە، بەڵکو پاڵنەرێکی چالاکانە و داهێنەرانەی لەپشتە بۆ نوێکردنەوە و گەشەپێدانی فەرهەنگی ئاخاوتن، چونکە گەنج لە ڕێگەی شێوازی بازاڕی/ شێوازی لاکۆڵانەوە، ناسنامەی زمانیی خۆی دەگەیەنێتە دەوروبەری و وەکو ئۆنسیە دەڵێت: پێی وایە کە " شێوازی بازاڕی لە هەوڵێکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەمیشە لەلایەن کەسانی داهێنەرەوە دەدرێت، بۆ ئەوەی زمانەکە زیندووتر بکەن". (Oancea, 2017: 116) کەواتە، بەکارهێنانی ئەم فۆرمە نوێیانەی زمان پرۆسەیەکی بێمەبەست نییە، بەڵکو بڕیارێکی هۆشیارانەیە، کە تاکەکان بۆ جیاکردنەوەی خۆیان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەیدەن. تاگلیامۆنتێ و دێنیس جەخت لەسەر ئەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە دەکەنەوە و دەڵێن: "لەبری ئەوە، پێدەچێت هەڵبژاردنی جۆرێک (لە وشەکان) یان جۆرێکی تریان، هەڵبژاردنێکی شێوازی تاکایەتی بێت. لە ڕاستیدا توێژینەوەکانی پێشوو پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە ئەم فۆرمانە دەکرێت پەیوەستبوون و ئینتیمایەکی بەهێزیان بۆ ناوەوەی گرووپەکان هەبێت، واتە دەربڕی ناسنامە و پێگەی کۆمەڵایەتین".(Tagliamonte & Denis, 2008: 14-15) لەم سۆنگەیەوە، دەتوانین بڵێین کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان تەنها گۆڕەپانێک نین بۆ گۆڕینەوەی پەیام، بەڵکو بوونەتە ئامرازێکی ستراتیژی بۆ دروستکردن و پاراستنی شووناسی تاکەکان لەناو کۆمەڵگەدا. بۆنۆی و تابورێ بەم جۆرە پوختەی ئەم ڕاستییە دەکەن، کە "بژاردەی زمانی لە سۆشیاڵمیدیادا تەنیا ئامرازێک نییە بۆ پەیوەندی، بەڵکو ستراتیژییەکە بۆ دروستکردن و بەڕێوەبردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی." (Tabouret &Bounoua, 2019: 178) بەکارهێنانی زمان بەم شێوازە ڕەنگدانەوەی ئاستی تێگەیشتن و ئاستی ئەو شوێنەیە، کە تاک دەیەوێت لەناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بۆ خۆی دروستی بکات.

**٢,٢,٧ ڕۆڵی میدیای نوێی کوردی و کاریگەریی ڤلۆگەر و ئینفلۆنسەرەکان:**

لەم سەردەمی بەجیهانیبوونی دیجیتاڵییەدا، سەکۆکانی سۆشیاڵمیدیا تەنیا گۆڕەپانی گواستنەوەی زانیاری نین، بەڵکو بوونەتە تاقیگەیەکی زیندوو بۆ پرۆسەی داهێنانی زمانەوانی و بونیادنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی. لەم ڕوانگەیەوە، ڤلۆگەر و ئینفلۆنسەرە کوردەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە برەوپێدانی وەرگرتنی وشەی بیانی بۆ ناو فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەران و گۆڕینی پێکهاتەی وشەسازیی وشە وەرگیراوەکان. وەک تاگلیامۆنتێ و دێنیس جەختی لێ دەکەنەوە: "ئەم بەشەی ڕێزمان بەوە ناسراوە، کە بەردەوام دەگۆڕێت... بەشێکی بۆ ئارەزووی ئاخێوەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی 'ڕەسەن و جیاواز' بێت، بۆ پێشاندانی توانا زارەکییەکانی خۆی، هەروەها [بەشێکیشی] بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گوێگر[بینەر]ەکانێتی" (Tagliamonte & Denis, 2008: 17).

بۆ نمونە کەسایەتییە دیارەکانی بواری کۆمیدیا لە ڕێگەی "دیکۆدکردنی" کۆمەڵایەتی و داهێنانی وشەی نوێی گاڵتەئامێز و تەنزئامێزەوە، کۆدی زمانیی نوێ دەخەنە گەڕ، کە بەشێک لەم وشانە خێرا دەگۆڕێن بۆ "میم" (Meme) و دەبنە بەشێک لە گوتاری

ئاخێوەری گشتی. هەروەها کەسایەتییە بەناوبانگەکانی بواری مۆدە و جوانکاری لە ڕێگەی هاوردەکردن و وەرگرتنی زاراوە بیانییەکان لە بوارەکانی جوانکاری و مۆدەدا، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەسازیی زمانی کوردی لەم ڕووەوە. یان کەسایەتییە کاریگەرەکانی بواری تەکنەلۆژیا، کە ئەمانە بەردەوام زاراوە تەکنەلۆژییە نوێیەکان بۆ یەکەمجار بە گوێی کۆی بینەر/ بیسەراند دەدەن و لە فەرهەنگی زارەکی و نوسراوی کوردیدا جێگیریان دەکەن، کە ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی زیندوویی زمان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا.

**ئەم کەسایەتییانە لە ڕێگەی سێ میکانیزمەوە کاریگەرییەکانیان دەردەکەوێت:**

**ستراتیژی دووبارەکردنەوە (Strategic Repetition):** بەکارهێنانی بەردەوامی وشەیەک لە گوتاری ئینفلوێنسەرەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو وشانە لە ئاستی "ئاشنابوون"ەوە بەرز ببنەوە بۆ ئاستی "بەکارهێنانی کارا" لە ناو جەماوەردا. بۆ نمونە دووبارەکرنەوەی ڕستەیەکی وەکو ( گەڵبەکەی سۆر کە) لەلایەن (جەی کوردی)یەوە، کە مەبەستی ئیمۆجیی دڵە سورەکەیە، بووەتە هۆی ئاشنابوونی ئەم وشەیە بە زۆرینەی فۆڵۆوەرەکانی، ئەگەرچی وشەکە لە جلفەی عەرەبیی عێراقی وەرگیراوە. کاتێک تاکەکانی سۆشیاڵمیدیا هەمان شێوازی دەربڕینی ئینفلوێنسەرەکان بەکاردەهێنن، لە ڕاستیدا هەوڵدەدەن ناسنامەی خۆیان لەگەڵ کایە کاریگەرەکەدا بە یەک بگەیەنن و وەک نیشانەی ئینتیما بۆ گرووپێکی دیاریکراو بەکاریان بهێنن.

**دروستکردنی ترێند (Trend Setting):** لە ڕێگەی چالاککردنی هاشتاگ و گۆڕانکارییە زمانییەکانەوە، ئینفلوێنسەرەکان "ترێند" دروست دەکەن، ئەمەش وادەکات وشە نوێیەکان بە خێرایی لە ناو فەرهەنگی گشتی و گوتاری هاوبەشی بەکارهێنەراندا جێگیر ببن. کەواتە چالاکیی ئینفلوێنسەرەکان، نەک هەر وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی، بەڵکو وەک ستراتیژیەکی کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەبردنی ناسنامە لە جیهانی دیجیتاڵیدا دەردەکەوێت، کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر داهاتووی فەرهەنگی زمانیی زمانی کوردی هەیە.

### ٢,٢,٨ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و تایبەتمەندییە نوێیەکانی پلاتفۆرمەکان:

پەرەسەندنی خێرای پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیاڵمیدیا و ئەو تایبەتمەندییە تەکنیکییانەی، کە هەر یەکەیان هەیەتی، کاریگەرییەکی قووڵ و ڕاستەوخۆیان خستووەتە سەر پرۆسەکانی دروستکردنی وشە و ئاوەزمەندیی زمانیی بەکارهێنەران. لە بواری زمانەوانیی دیجیتاڵیدا، دەردەکەوێت کە هەر پلاتفۆرمێک بەپێی ژێرخانەکەی، شێوازێکی نوێی ئاخاوتن، نوسین و گۆڕانکاریی مۆرفۆلۆژی بەرهەم دەهێنێت. "هەر پلاتفۆرمێکی سۆشیاڵمیدیا سیستەمێکی ئابووریی زمانیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بە پێی ڕێسا تەکنەلۆژییەکان و کولتووری بەکارهێنەران خۆی دەنوێنێت". (Evans, 2020: 203) ئەم تایبەتمەندییانەی سەکۆکانی سۆشیاڵمیدیا کاریگەرییان لەسەر شێوازی بەکارهێنانی زمان دەبێت. لە ئاستی تۆڕی **ئێکس** (تویتەری پێشوو)، ئەو دیاریکراوی و سنوورداربوونەی، کە بۆ ژمارەی کارەکتەرەکان (پیت و هێماکان) دانراوە، بەکارهێنەرانی ناچار کردووە پەنا بۆ "ئابووریی زمان" ببن. ئەمەش بووەتە هۆی کورتکردنەوەی زیاتری وشەکان و بڵاوبوونەوەی خێرای بەکارهێنانی کورتکراوە و ئەکرۆنیمەکان (Acronyms)، کە دەربڕاوێکی دووروودرێژە، بۆ چەند پیتێك کورتدەکرێتەوە، کە هەمان واتای وشە و دەربڕاوە درێژەکە دەگەیەنن، هەندێکجار پیتەکان بە جیا و هەندێکجاریش پێکەوە دەلکێنرێن، تێیدا ڕێسا باوەکانی وشەسازی و ڕستەسازی پشتگوێدەخرێن لەپێناو گەیاندنی زۆرترین زانیاری لە کەمترین دەربڕین/ پیتدا. لە لایەکی دیکەوە، سەکۆ وێنەییەکانی وەک **ئینستاگرام/زرێد**، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاشتاگەوە فۆرمێکی نوێیان بۆ دروستەی وشە هێناوەتە ئاراوە. هاشتاگەکان بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێ لە لێکدان (Compounding) و دروستبوونی وشەی پێکەوەنووسراوی کاتی، کە تێیدا چەندین وشە بێ بوونی هیچ بۆشاییەک دەلکێندرێن بەیەکەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی گەڕاندا ببنە یەک یەکەی واتایی، ئەمەش تەواو پێچەوانەی بنەماکانی ڕێنوسی ستانداردی زمانە.

دەربارەی ئەپڵیکەیشنەکانی وەک **واتسەپ و تەلەگرام و مسنجەر**، تایبەتمەندیی دەنگنامە (Voice Message) لە شێوازی پەیوەندیکردندا گۆڕانکاریی زمانیی زۆری دروست کردووە. ئەم تایبەتمەندییە بووەتە هۆی کەمیی پێداویستی بۆ نوسین و گەڕانەوە بۆ فۆرمی ئاخاوتنی زارەکی لە دنیای دیجیتاڵیدا، کە زۆرجار دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئاخاوتنی نافەرمی، تێکەڵکردنی زار و شێوەزار و زمانەکان و کەمبوونەوەی بەکارهێنانی وشەی نوسراو. هەرچی سەکۆکانی وەکو **تیکتۆکە**، کە ڤیدیۆی کورت و ڕیلی تێدا پەخشدەکرێت، ڕۆڵێکی بزوێنەر (Catalyst) دەگێڕن لە بەرهەمهێنانی گوتارێکی نوێدا. خێرایی بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆکان بووەتە هۆی دروستبوونی زمانی بازاڕی (Slang)ی نوێ و بڵاوبوونەوەی خێرای ترێندە زمانییەکان لەسەر ئاستی جیهانی و ناوخۆیی. ئەم ترێندانە بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەچنە ناو فەرهەنگی ئاوەزی(Mental Lexicon)ی گەنجانەوە (وەکو گۆرانیی کرمانجی هەرە) و بەشێکیان دەبنە جێگرەوەی وشە باوەکانی زمان و کارلێکی کۆمەڵایەتی لە دوای خۆیان جێدەهێڵن.

### ٢,٣ لایەنی کارەکیی وشەسازیی زمانی کوردی لە ڕوانگەی سۆشیاڵمیدیاوە:

تۆڕەکان وەکو سەکۆیەکی کۆمەڵایەتیی هەر ئەوە نییە، کە ئێمە ڕۆژانە بۆ کاتبەسەربردن و هەواڵ و ئاگاداری و ڕیکلام بەکاریدەهێنین، بەڵکو بووەتە بەشێک لە ڕۆتینی ژیانمان و بەئەستەم دەتوانین دەستبەرداریان ببین، ئەم تۆڕانە وەکو بەفرگرەیەک وان، کە ڕۆژانە لەبری ئەوەی میوە و خواردن و پێداویستییەکانمانی تێداهەڵبگرین، وشە و ڕستە و وتار و ئاواز و هۆنراوە و ... ی تێدا هەڵدەگرین، ئەم هەڵگیراوانە بە پلەی یەکەم وشەن، کە لە ئاوەزی بینەر/ بیسەردا گەنجدەکرێن. زمانبەکارهێنیش بیر لەوە ناکاتەوە، کە ئەم وشەیە چییە و چۆن دروستبووە و چۆن هاتووەتە ناو ئاوەزیەوە و گەنجکراوە، بەڵکو گرنگ لای ئەو دابینکردنی پێداویستییە زمانییەکانێتی بۆ ئەو چەمکانەی، کە دەیەوێت دەریانبڕێت، بۆیە لە کاتی پێویستیدا ئاوەزی زمانبەکارهێن هانا بۆ گەنجی مێشکی دەبات و وشە گەنجکراوەکان دەردەهێنێت و بەکاریان دەهێنێتەوە. زمانبەکارهێن بێ ئەوەی درک بە خۆی بکات، لە ڕێگەی بینینی وێنە و ڤیدیۆی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و گەنجکردنیان و بەکارهێنانەوەیان لە ئاخاوتنەکانیاندا بەشدارێکی سەرەکی و ڕاستەوخۆی گۆڕانی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12576]
- **Submission Date:** [1/7/2026], **Revised Date:** [2/7/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ئاوەزمەندیی زمانین. هەرچەندە پرسی گۆڕانی زمان تێکچوون و کلۆربوونی زمان نییە، بەڵکو پێواژۆیەکی سروشتییە، کە ڕەنگدانەوەی گۆڕانی پێویستییە زمانییەکان و هەڵوێستەکانی قسەکەرانە. ئەم گۆڕانکارییانە زۆرجار لە ناو هەژماری تۆڕە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانەوە دەستپێدەکەن و لە ڕێگەی کارلێککردنەوە بڵاو دەبنەوە. بەم پێیە ئەو زمانە زارەکییەی قسەی پێدەکەین بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەموو ئەوەی لە کۆمەڵدا ڕوودەدات، لە ڕێگەی وشەی نوێ و مانای نوێی وشەکانەوە لە زماندا ڕەنگدەداتەوە. سەرچاوەی سەرەکی گۆڕنکاریش لە زماندا دەرکەوتنی وشەی نوێییە، کە ئاوێتەی وشەسازی دەبێت و لە کایە جیاوازەکانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت.

**٢,٣,١ وشەی وەرگیراو و کۆدگۆڕینەوە/ کۆدتێکەڵکردن:**

هەموو زمانەکانی جیهان لە ناوەرۆک و توانای دابینکردنی پێداویستییە زمانییەکانی زمانبەکارهێنەراندا هاوشان و چوونیەکن، بەڵام ئەم زمانانە لە ڕووی پێشکەوتن و داهێنراوە مرۆییەکانەوە چوونیەک نین، بۆیە هەندێک زمان لەگەڵ پێشکەوتنی بوارە نازمانییەکاندا پێشدەکەون و هەندێک زمانی دیکە بەپێچەوانەوە. کاتێک داهێنراوە نازمانییەکان دەگەن بە زمانبەکارهێنەرانی زمانەکەی دیکە، بۆئەوەی ئەم زمانانەیش پێداویستییە زمانییەکانی ئاخێوەرانیان دابین بکەن بۆ ئەو داهێنراوە، هانا بۆ وەرگرتنی چەمک و زاراوەکانی زمانە داهێنەرەکە دەبەن، بەمەش هێندەی پێداویستییە چەمکییەکە وشە و زاراوە لە زمانی دووەمەوە دێتە ناو زمانی یەکەمەوە. بەو پێداویستییە چەمکییانە دەگوترێت (وشەی وەرگیراو)، کە وشەی قەرزکراو و وشەی خواستراو، یان خواستنیشی پێدەگوترێت، "خواستن زاراوەیەکی زمانەوانییە، کە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی پێکهاتەیەک (واتە دەنگ، فۆنیم، مۆرفیم، بەهای واتایی، یان ڕێکخستنی فۆرم-ئەرک) لەناو سیستەمێکی زمانەوانیی دیاریکراودا، هەرچەندە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە سیستەمێکی زمانەوانیی دیکەوە". (Matras & Adamou, 2020: 1) وەرگرتن، واتە قەرزکردن و خواستنی زاراوە (فۆرم و واتا) لە زمانێکی بێگانەوە و بەکارهێنانی لە زمانێکی دیاریکراودا بۆ ماوەیەکی کاتیی، تا ئەو کاتەی فۆڕمێکی لەالیەن شارەزایانەوە بۆ سازدەکرێت، یان بۆ هەمیشە بەکاردەهێنرێت و تێکەڵی فەرهەنگی زمانەکە دەبێت، بەجۆرێک هەست بە بێگانەییشی نەکرێت، بەمەش فەرهەنگی وشەکانی زمان دەوڵەمەند دەبێت. (عەبدولغەنی، ٢٠١٩ : ١٠١)

چەمکی "خواستن" بە شێوەیەکی بەربڵاو لە زمانەوانیدا لەدوای کارەکانی هۆگن (haughn 1950) و وینڕیچ (Weinreich1953)ەوە بەکارهاتووە بۆ ئاماژەدان بە وەرگرتنی پێکهاتەیەک لە زمانێکەوە بۆ ناو چوارچێوەی زمانێکی دیکە. "ئەو زمانەی، کە سەرچاوەی پێکهاتەکەیە پێی دەوترێت (بەخشەر)، لە کاتێکدا ئەو زمانەی، کە وەریگرتووە پێی دەوترێت (وەرگر)". (Matras, 2007: 148). "یەکێک لە دیارترین نمونەکانی گۆڕانی زمان، تێکەڵکردنی زاراوە ڕەچەڵەک ئینگلیزییەکانە بۆ ناو وشە کوردییەکان". (Ghafoory & Hamasalih, 2025, 275–297) ، یان تێکەڵکردنی چەند زمانێک، کە بە کۆدتێکەڵکردن (Code mixing) ناودەبرێت. کۆدتێکەڵکردنیش " پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی کارلێککەری زمانەکان، خاوەنی نەرمییەکی گونجاو بن بۆ ڕەخساندنی بواری ئاڵوگۆڕی دوولایەنەی نێوان زمانەکان، کە تێیدا وشە خواستراوەکان و قەرزکردنی فەرهەنگی پەسەند دەکرێن" (Hamdan & Al-Salman, 2021, p. 45).

زاراوەکە، بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بە هەموو ئەو حاڵەتانەی، کە تێیاندا توخمە وشەییەکان و تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی دوو زمان لە یەک ڕستەدا دەردەکەون.

موسکین (Muysken, 2000) کۆدتێکەڵکردنی بۆ سێ جۆر دابەشکردووە: داکردن (Insertion)، نۆرەگۆڕکێ (Alternation)، وشەسازیی هاوتا (Congruent lexicalization). ئەم سێ جۆرە لە ڕێگەی جیاوازەوە لە ژینگە دووزمانییە دیاریکراوەکاندا دیاری دەکرێن، ئەمەش زۆرێک لەو جیاوازی و هەمەچەشنییە بەرهەم دەهێنێت، کە لە نەخشەکانی تێکەڵکردندا ڕووبەڕوویان دەبینەوە. (Ikhsani, 2012: 297)

بەپێی ئیخسانی (Ikhsani)، بۆ تێکەڵکردنی کۆد سێ هۆکار هەن: ١. لە دۆخی گاڵتەکردن، یان دۆخە نافەرمییەکاندا. ٢. نەبوونی زاراوە، یان پێکهاتەی گونجاو، یان بێئاگایی زمانبەکارهێن بۆ ئەو کۆدەی، کە واتایەکی هەڵگرتووە. ٣. یاخود بۆ نیشاندانی کارامەییە زمانەوانییەکانی زمانبەکارهێن. (هەمان سەرچاوە، 2012: 296).

بەڵام کۆدگۆڕینەوە "هاوتەنیشتکردنی ئەو بڕگە ئاخاوتنانەی، کە سەر بە دوو سیستەم، یان ژێرسیستەمی ڕێزمانیی جیاوازن، لە چوارچێوەی هەمان ئاڵوگۆڕی ئاخاوتندا". (Gumperz, 1982, 59) موسکینیش "کۆدگۆڕینەوە وەک یەک لەدوای یەک هاتنێکی خێرای چەند زمانێک لەناو یەک ڕووداوی ئاخاوتندا پێناسە دەکات. ئەو پێی وایە دیاردەکە فرەچەشنە و تەنیا گۆڕینێکی سادەی زمانەکان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە".(Ikhsani, 2012: 297) کە تێیدا "ئاڵوگۆڕکردنی دوو زمان لە چوارچێوەی تەنها یەک گوتار، ڕستە، یان پێکهاتەی ڕێزمانیی دیاریکراودا ". (Poplack, 1980: 583) ڕوودەدات.

تێکەڵکردنی کۆد هاوشێوەی گۆڕینی کۆدەکانە لە نێوان نۆرەکان، یان دەربڕینەکاندا جیاوازییەکە بەسادەیی تەنیا لە قەبارە و جۆری ئەو توخمەدا دەبێت، کە نۆرەگۆڕکێی پێدەکرێت، بۆ نمونە بڕگەکان و ڕستەکان، کە بەدوایدا یەکە ڕێزمانییەکان دێن، وەکو بکەرەکان، کارەکان، یان بەرکارەکان (Ikhsani, 2012: 298) هاوک (Hauck)یش بە "ئەو پرۆسەیەی، کە لە ڕێگەیەوە قسەکەران ئاراستە دەکرێن بۆ ئەوەی درک بە هەندێک تایبەتمەندیی دیاریکراوی زمانەوانی بکەن، کە لە ڕووی کارەکییەوە بەرچاون و بیانخەنە پاڵ زمانی جیاواز، بەمەش وەک قەوارەی سەربەخۆ و جیاواز بەرجەستەیان دەکەن ". (Hauck, 2016: iii) پێناسەی دەکات. "کۆدتێکەڵکردن پێویستی بە زانیارییەکی تەواو هەیە لەسەر دوو سیستەمی ڕێزمانی بۆ ئەوەی ڕێگە بە ئاخێوەر بدات کە تەنیا ئەو ڕێسایانە لە هەر سیستەمێکەوە وەربگرێت کە لەگەڵ ئەوەی تردا هاوبەشە ". (Poplack, 1980: 600-601) بۆ ئەوەی پێواژۆی گفتوگۆیەکە ئەنجامبدرێت.

جیاوازی نێوان جێگۆڕکێ، کە ناوەکەی ئاماژەی پێدەکات: جێگۆڕکێ لە نێوان دوو سیستەمی زمانیدا لە ناو یەک ڕستەدا، یان لەناو یەک گفتوگۆدایە و داکردن ئەوەیە، کە لە داکردندا یەک زمان زاڵ دەبێت بەسەر پێکهاتەی ڕستەکەدا (بۆ نمونە زمانی کوردی)، بەڵام لە جێگۆڕکێدا، هیچ زمانێکی زاڵ بوونی نییە "چوارچێوەی

ڕێزمانیی هەردوو زمانەکە بەکاردێت بۆ دروستکردنی ڕستەیەک. قسەکەر لە خاڵی گۆڕینەکەدا سیستەمی زمانێک بە تەواوی جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی بچێتە ناو سیستەمێکی ترەوە ". (Stam, 2017: 8) کەواتە ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان دوو زماندا پێویستی بە ئاستێکی بەرزی لێهاتوویی دووزمانی هەیە.

لەم پێواژۆ زمانییانەدا شەپۆلی وشە و زاراوەکان لە هەڵکشان و داکشاندان لە نێوان زمانەکاندا، بۆ نمونە لە زمانی ستانداردی (الفصحی ) عەرەبیدا تەوژمەکەی لاوازە "شێوەزاری پێوەری عەرەبی بەرامبەر بە لەخۆگرتن و تێکەڵکردنی تەواوەتیی وشە تازەداهێنراوەکان کەمتر کراوە بوو، لە کاتێکدا ڕێگەی بە بەکارهێنانی هەندێک یەکەی فەرهەنگی دەدا وەک ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر، ڤیدیۆ، مۆبایل و هتد. بە هەمان شێوە، سەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەک فەیسبووک، تویتەر، ئینستاگرام، یوتیوب، واتسئەپ و هتد، وەک وشەی خوازراو تێکەڵ بە زمانی عەرەبیی پێوەر کران " (Hamdan & Al-Salman, 2021:55). بە بەراورد بە زمانی کوردی و فارسی، کە لە هەمان جوگرافیدان، شەپۆلەکە بەهێزترە و تەوژمی لە هەندێل دۆخی تایبەتدا هەڵکشاندایە تا ئاستێکی باڵا.

یەکێک لە بەرچاوترین کاریگەرییەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر وشەسازیی کوردی، بەرزبوونەوەی ڕێژەی وشە وەرگیراوەکانە، بە تایبەتی وەرگرتن و قەرزکردنی وشە لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبییەوە. ئەم دیاردەیە بە چەند شێوەیەک خۆی دەردەخات:

**٢,٣,١,١ وەرگرتنی ڕاستەوخۆ:**

زۆرێک لە بەکارهێنەرانی کورد وشەکانی تەکنەلۆژی و سۆشیاڵمیدیا بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە زمانە بیانییەکانەوە وەردەگرن . بۆ نمونە" :پۆست (Post) "،" لایک (Like) "،" شێر(Share) "، "فۆڵۆ (Follow) "،" هاشتاگ (Hashtag) "،" ستۆری (Story)"،" کۆمێنت (Comment) "، " ڕیڤیو (Review) ". ئەم وشانە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ناو بەکارهێنەرانی کورد بەکاردێن، هەرچەندە ئەمانە لە زمانی کوردیدا هاوواتایان بۆ دانراوە، کە دواتر باسی دەکەین.

با پێکەوە بڕوانینە ئەم نمونەیەی خوارەوە:

**نمونەی (١ - ا):**

"بۆچی کە لەتیک تۆک کە کۆمێنت بۆ پۆستێک دەکەم
کە ڕیپلا دەکرێم بۆم نایتەوە یان هەر نابینم هۆکار چییە؟
بە ئەکاونتی تر سەیر دەکەم ڕیپلا کراوم کەچی لای خۆم
دیار نیە".

سەرچاوە :گرووپی (ناوچەی تەکنەلۆژی
Technology Zone) لە فەیسبوک: ٢٠٢٦/٥/٢٥

**نمونەی (١ - ب):**

کەی [ بلۆک ]ت کرد؟
هەر [ لایکەکە]ی لە سەر وێنەکەم کرد داغانم کرد.
داماو خۆی، بە [ لایکێک ] [ بلۆک ] بکرێت، ئەی ئەگەر [ شێر
]ی بکردایە!
خاڵە خەفەت نەبێت پیاوی ئەوە نییە [ شێر ] و شتی وای ئێمە
بکات.
(قادر، ٢٠١٣، ٨٢)

بە وردبوونەوە لە نمونەی ژمارە (١/ ا) دەبینین، کە چەندین وشەی وەرگیراوی وەکو (تیکتۆک، کۆمێنت، پۆست، ڕیپلای، ئەکاونت) و نمونەی ژمارە (١/ ب) وشەکانی (بلۆک، لایک، شێر) لەم پۆستەدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەکارهاتوون و هاتوونەتە ناو زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی کوردەوە.

"ڕێژەی بەکارهێنانی وشە وەرگیراوەکان لە پۆستە کوردییەکانی سۆشیاڵمیدیادا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرچاو، کە لە هەندێک بواری تایبەتدا لە دەقێکی سی چل وشەییدا ژمارەی وشە وەرگیراوەکان زیادترە لە ژمارەی وشە کوردییەکان، بە تایبەتی لە بابەتە تەکنەلۆژییەکاندا، چونکە داهێنراوێکی ناکوردییە و بنەمای چەمک و زاراوەکان بەو زمانەیە، کە داهێنراوەکەی پێ داهێنراوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر ئەو بنەما زمانییە کاردەکەن و هەم هۆکارن بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو وشە و زاراوانە، هەم بە بێ ئەو وشە و زاراوانە کارکردنی ئەم تۆڕانە ئەستەمە، بۆیە ئەم تۆڕانە هۆکارێکی گرنگ و خێران بۆ گۆڕین و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی وشەسازیی زمانی کوردیدا. ئەم دیاردەیە لەگەڵ بۆچوونی هەیگ و ئۆپەنگین (2014)دا یەکدەگرێتەوە، کە جەخت لەوە دەکەنەوە زمانی کوردی لە دۆخێکی ئاڵۆزی فرەزمانیدا گەشە دەکات.

**نمونەی (٢):**

"ستۆرج، موبایل، ڤیدیۆ، گێگا، بایت، ئەپ، کلیک، سێتینگ، داتا، یوسەیج، کلێر، ئینتەر، کەچ، فایل "

سەرچاوە: هەژماری (sanaria design)

لە فەیسبوک: ٢٠٢٦/٦/١٦

**٢,٣,١,٢ وەرگرتنی ناڕاستەوخۆ:**

هەندێک جار وشە وەرگیراوەکان تووشی گۆڕانکاری دەبن بۆ ئەوەی لەگەڵ سیستەمی دەنگی و ڕێزمانی کوردیدا بگونجێن، دەنگ و مۆرفیم و گیرەکەکان لێدەکرێنەوە و مۆرفیم و گیرەک و وشەی دیکەی زمانی کوردی پێوە دەلکێنرێت و وەکو وشەیەکی کوردی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. وەکو (فەتاح، ١٩٩١: ١٤٥) دەڵێت: "بۆئەوەی زاراوەی وەرگیراو بچێتە ناو زمانە نوێکەوە، وەک وشەی خۆماڵی هەڵسوکەوت بکات، دەبێ لەگەڵ دەستوری زمانە نوێکەدا بگونجێنرێت، کە زمانە نوێیەکە جیایان دەکات". (عەبدولغەنی، ٢٠١٩ : ١٣٩)، چونکە "هەموو زمانێک دەستووری زاراوەسازی و زمانەوانی خۆی هەیە، بۆیە کاتێک زاراوەیەک وەردەگرین دەبێ دەنگەکانی بخەینە ژێر کارتێکردنی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە و بەرگێکی خۆماڵی بە بەریاندا بکەین" (عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ١٣٩).

**نمونەی (٣):**

"پۆستکردن (Posting) "، "لایککردن (Liking) "، "شێرکردن (Sharing) "، "فۆڵۆکردن (Following) "،" بلۆککردن (Blocking)"، " چاتکردن (Chatting) "..."

لێرەدا دەبینین، کە چاوگێکی کوردیی" کردن" لەگەڵ بنجی وشەیەکی بیانیدا تێکەڵ دەبێت و وشەیەکی لێکدراوی نوێی کوردی پێکدێت.

• **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
• **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12576]
• **Submission Date:** [1/7/2026], **Revised Date:** [2/7/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

**٢,٣,٢ بەکوردیکردن و پەتیکردنی وشەی بیانی :**

- بەکوردیکردن و پەتیکردنی (Purism) وشەی بیانی دوو زاراوەی جیاوازن بۆ ئەو وشە و زاراوانەی، کە بە پێواژۆی خۆماڵیکردندا تێدەپەڕن. سەبارەت بە پەتیکردن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە "پەتیکردن وەک ئایدۆلۆژیایەک بۆ لابردنی توخمە نەویستراوەکان (بیانییەکان) لە زمانەکەدا کاری کردووە بۆ بوژاندنەوەی توخمە ڕەسەنەکان". (Brunstad, 2001: 52) لەم پێواژۆ بانزمانییەدا لە بەرامبەر وشەیەکی بیانیدا وشەیەکی دیکەی کوردی بۆ هەمان مەبەست و واتا بەکاردەهێنرێت و وشە وەرگیراوەکە ڕەتدەکرێتەوە. بەم شێوەیە،" پەتیکردن بنەمایەکی بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی زمان و پێوەرەکانی زمان دابینکردووە". (هەمان سەرچاوە :2001 52) وەک شێخولئیسلامی (2015) باسی دەکات، کە زمان تەنیا ئامرازێکی پەیوەندیکردن نییە؛ بەڵکو نیشانەیەکی سەرەکیی ناسنامەیە و کەرەستەیەکی چارەنووسسازە لە بونیادنانی سنوورە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکاندا. نوخبە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی کورد زۆرجار کاری ناسنامەسازی دەکەن، بە بەکارهێنانی زمان وەک کەرەستەیەکی هێمایی بۆ جیاکردنەوەی (ئێمە) لە (ئەوان). لە ڕێگەی پەرەپێدانی زاراوەیەکی ستاندارد، یان (پاککردنەوەی زمان) لەو کاریگەرییە بیانییانەی کە هەستی پێ دەکرێت، ئەم نوخبانە هەوڵ دەدەن، هەستی ئینتیما بۆ نەتەوە و شەرعیەتی سیاسی بچەسپێنن. چونکە "پەتیکردن تەنیا بۆ پاککردنەوەی زمان نییە، بەڵکو وەکو ئامرازێک بۆ دروستکردنی سنووری ناسنامە و بەهێزکردنی ئینتیمای نەتەوەیی بەکاردێت" ( Langer & Nesse, 2012: 611).

لە مێژووی میلەتانیشدا چەندین نمونەی زیندوو هەن، کە پەتیکردن بووەتە بەشێک لە ناسنامەی زمانییان. لە ساڵانی (١٩٩٠) تا (١٩٩٦) لە نەرویج هەڵمەتی" پاراستنی ژینگەی زمانەوانی" ئەنجامدرا. ئامانجی سەرەکیی ئەو هەڵمەتە ڕووبەڕووبوونەوەی بەکارهێنانی خراپ و ناپێویستی زمانی ئینگلیزی بوو، کە لەناو زمانی نەرویجیدا دەبینرا. بانگەشەی ئەوەش دەکرا کە وشەخواستن لە زمانی ئینگلیزییەوە ڕەنگە ببێتە هۆی دارمانی پێڕەوی مۆرفۆلۆژیی نەرویجی و جێگرتنەوەی پێڕەوی ئینگلیزی بە پێواژۆ وشەسازییە ناوخۆییەکان، ئەمەش دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ناسنامەی نەرویجی". (Brunstad, 2001: 66) لە زمانی کوردیدا پەتیکردن لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە پێشبڕکێیەک لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا سەریهەڵدا (بڕوانە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی یازدەیەم، ١٤٦ – ١٤٨) و تا ئێستایش بەردەوامە، بە جۆرێک چەندین پەڕەی تایبەتی و گشتی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەردەوام پۆستی جۆراوجۆر بڵاودەکەنەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی زمانیی و پەتیکردنی زمانی کوردی (بڕوانە پەڕەی kurdi peti لە فەیسبوک).

لە بارەی وشەی وەرگیراوەوە تۆماس (Thomas, 1991: 12) باس لە دوو بژاردە دەکات لە بەرامبەر وشە بیانی و وەرگیراوەکاندا، دەڵێت: پەتیکاران دوو ستراتیژی سەرەکییان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وشە بیانییەکان: یان 'ڕەتکردنەوە' (rejection)، کە بریتییە لە جێگرتنەوەیان بە هاوتای ڕەسەن، یان 'گواستنەوە' (accommodation)، کە بریتییە لە گونجاندنیان لە ڕووی دەنگسازی، مۆرفۆلۆژی، یان ڕێنووسەوە لەگەڵ پێکهاتەکانی زمانی ڕەسەندا. ئەم دوو بژاردەیەیش بە تەواوی لەگەڵ پێواژۆی پەتیکردنی زمانی کوردیدا جووتە. لێرەدا دەتوانین بڵێین، کە خواستنی واتا وەکو( سەعید:٢٠١٢ :٧٢) دەڵێت: هۆکارێکە بۆ " داتاشینی وشە و زاراوەی نوێ، لە کەرەسەی زمانی خۆی، یان ڕۆنانی پێویست بە کەرەسەی کۆنی خۆی دادەڕێژێت وەک: بڵندگۆ بەرامبەر بە ( loud speaker) . مانگرتن بەرامبەر بە (striker)، یان وێنەگر بەرامبەر بە (photographer)... هتد" (عەبدولغەنی، ٢٠١٩ : ١٣٦)

ئەوەی گرنگە، ئەوەیە، کە پەتیکردن لە زمانی کوردیدا وەک ئایدۆلۆژیایەک بۆ بەرگریکردن لە زمان و نەتەوە کاری کردووە، بۆ لابردنی/دەرهاویشتنی توخمە نەویستراوەکان (بیانییەکان) لە زمانەکەدا و بوژاندنەوەی توخمە کوردانەکان (ڕەسەنەکان). بەم شێوەیە، پەتیکردن بنەمایەکی دابینکردووە بۆ دیاریکردنی سنورەکانی زمان و پێوەرەکانی زمان ...

**نمونەی (٤):**

ملازم ← جیدار، نەقیب ← پێشەنگ، رائد ← پێشڕەو، مقدم ← پێشکار، عقید ← سەرهەنگ،

عمید ← سەرتیپ، لیوا ← سالار، فەریق ← سەردار، فەریق اول ← سەرداری یەک

سەرچاوە: پەڕەی (ڕێزمانی کوردی) لە فەیسبوک: ٢٠٢٦/٦/١٢

هەروەها با پێکەوە سەیری ئەم وشانە بکەین.

**نمونەی (٥):**

عادەت، تەقالید: نەریت، تەربیەت: پەروەردە، عەقڵ: خەراتوو، عەقلیەت: خەراتووڕێ، تەئسیر: کاریگەری ، سەقافە: ڕۆشنبیری، شەخسیات: کەسایەتی، ئسلوب: ڕەوشت، ئیحترام: ڕێز ...

سەرچاوە: پەڕەی (kurdi peti) لە فەیسبووک، ٢٠/ ٢٠٢٦/٥

بە وردبوونەوە لە نمونەکانی (٤) و (٥)، دەبینین، کە پەڕەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەنگەری بەرگریکردن و بەکوردیکردندان لە زمانی کوردی، کە سنورێکی زمانیی لەنێوان کورد و داگیرکەرانیدا دروست دەکات و توانەوە (Assimilation) دوادەخات، یان لەم قۆناغەدا ڕایدەگرێت.

**٢,٣,٣ پێکەوەنوسان (لێکدان و لکاندن) :**

**پێکەوەنوسان:**

پێکەوەنوسان یەکێکە لە بەرهەمهێنەرترین شێوازەکانی وشەسازی لە زمانی کوردیدا، کە بەهۆیەوە زمانی کوردی وشە بۆ چەمک و واتا نوێیەکان دادەڕێژێت. "پێکەوەنوسان لە زمانی کوردیدا بە دوو جۆری سەرەکی دەبینرێت: پێکەوەنوسانی بەستراو و پێکەوەنوسانی ئازاد) ". (شوانی، ٢٠١٦ :٦٠) سۆشیاڵمیدیا بارودۆخێکی گونجاوی نوێی بۆ دروستبوونی پێکەوەنوسان هێناوەتە ئاراوە. پێکهێنانی وشە لە ڕێگەی لکاندنی توخمێکی بیانی و توخمێکی کوردییەوە، لە پرۆسەی وشەسازییدا (Morphological Word Formation) بە دروستکردنی وشەی دووڕەگ (Hybrid Words) دەناسرێت. "پێواژۆی بڕین بریتییە لە سڕینەوەی بەشێکی سەرەتا, یان کۆتایی وشە، یان هەردووکیان، بەجۆرێک بەشێکی وشەکە وەک نوێنەری تەواوی وشەکە دەمێنێتەوە". (Ghafoory & Hamasalih, 2025, 281) لەم پێواژۆیەدا، زۆرجار ناوێکی وەرگیراوی بیانی

لەگەڵ وشەیەکی زمانی کوردی، یان ڕەگی کارێکی زمانی کوردیدا یەکدەگرن بۆ دروستکردنی وشەیەکی لێکدراو یان داڕێژراوی نوێ.
**نموونەی (٦ ـ ا):**

**فیلمساز (Film-saz):** لە (فیلم: وشەی بیانی) + (ساز: ڕەگی کرداری 'سازاندن'ی کوردی) پێکهاتووە.

**میدیاکار (media-kar):** لە (میدیا: وشەی بیانی) + (کار: وشەیەکی کوردی) پێکهاتووە.

**مۆبایلفرۆش (Mobile-frosh):** لە (مۆبایل: وشەی بیانی) + (فرۆش: ڕەگی کاری 'فرۆشتن'ی کوردی) پێکهاتووە.

ئەم جۆرە پێکەوەنووسینە میکانیزمێکی زۆر چالاکی مۆرفۆلۆژییە بۆ بەخۆماڵیکردنی (Nativization) ئەو زاراوە تەکنەلۆژی و سەردەمییانەی، کە دەچنە ناو فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردییەوە و بە ئاسانی لەگەڵ پێکهاتە ڕێزمانییەکەی زمانەکەدا دەگونجێنرێن. وەکو لەم نموونانەدا دیارە.
**نموونەی (٦ ـ ب):**
ئەنفۆڵۆکردن (Unfollow)، بلۆککردن (Block)، ڕیپۆرتکردن (Report)، تاگکردن (Tag)، مێنشنکردن (Mention)، ستۆریدانان (Story posting)، لایڤکردنەوە (Go live)
وەکو دەردەکەوێت لەم نموونانەی ژمارە (٦ ـ ب)دا وشە وەرگیراوەکان خراونەتە بەر پەیڕەوی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی و لەگەڵ وشە کوردییەکاندا ئاوێتە بوون و وشەیەکی نوێی بەخۆماڵیکراوی (Nativization) لێبەرهەمهاتووە، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێن.
جۆرێکی دیکە لە پێکەوەنوسان لە تۆڕەکان و زمانی ڕۆژانەدا بڵاوە، کە هەردوو وشەکە کوردی نین، بەڵکو بەو داڕشتە زمانییە بیانییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە.
**نموونەی(٧):**
**دیجیتاڵ-مارکێتینگ** داهاتووی بازرگانییە.
**سایبەر-سیکوریتی** پێویستیەکی سەرەکییە لە سەردەمی ئێمەدا.
ئەم شێوازەی پێکەوەنوسانی وشەی بیانی کاریگەری هەبووە لەسەر ئاخێوەری زمانی کوردی، بۆیە بە هەمان دەستور وشەی کوردی سادە دراوەتە پاڵ وشەیەکی دیکە و شێوازێکی نوێی پێکەوەنوسانی (کوردی-کوردی) هاتووەتە ئاراوە.
**نموونەی(٨):**
ژیان-کردن، پشکنین- ئەنجامدان، ڕاهێنان- ئەنجامدان، ڕاهێنان-پێکردن، لێکۆڵینەوە-کردن، بەدواداچوون-کردن، هەڵسەنگاندن-کردن، پێداچوونەوە-کردن، مانگرتن-ئەنجامدان ...

ئەم جۆرە داڕشتنانە زۆرترین بەکارهێنانیان لە گوتاری میدیایی، پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و نوسینی ئەکادیمیدا هەیە، چونکە زمانەکە لەم ئاستانەدا زۆرجار پێویستی بە دروستکردنی کرداری نوێ هەیە بۆ ئەو چەمکانەی، کە لە بنەڕەتدا خۆیان کردارن، بەڵام وەک ناو (ناوی کردار) مامەڵەیان پێوە دەکرێت بۆ فراوانکردنی واتاکەیان، بەڵام هێشتا بەو دروستەیەوە بەدەگمەن نەبێت وەکو توخمێکی فەرهەنگی نەچووەتە ناو فەرهەنگی بنەڕەتیی زمانی کوردییەوە.

**لکاندن:**
پێواژۆی لکاندن یان تێکەڵکردن (Blending) وەکو (Yule: 2010) ئاماژەی پێداوە، یەکێکە لە میکانیزمە سەرەکییەکانی پێواژۆکانی وشە ڕۆنان (Word Formation Processes)، لەم پرۆسەیەدا، دوو وشە یان زیاتر تێکەڵ دەکرێن بۆ دروستکردنی یەکەیەکی لێکدراوی نوێ. لەگەڵ سەرهەڵدانی سەکۆکانی سۆشیاڵ میدیا، ئەم میکانیزمە گەشەیەکی خێرای بەخۆیەوە بینیوە. زمان لەم سەکۆیانەدا دەبێتە ئامرازێکی خێرا و کورتکراوە بۆ گونجان لەگەڵ سروشتی ئینتەرنێتدا (Crystal, 2011: 60). ڤان دیک (van Dijk: 1998) باس لەوە دەکات لەم ژینگەیەدا، جۆری بەکارهێنانی زمان لەلایەن گەنجانەوە بەتەواوی ڕەنگدانەوەی ئەو عەقڵیەتە (Mentality) و پێکهاتە کۆزانیارییە کۆمەڵایەتییانەیە، کە دەیانەوێت بە کەمترین کات و کەمترین دەربڕین گوزارشت لە بۆچوونەکانیان بکەن.
بە شیتەڵکردنی داتاکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک لە تۆڕەکانی کۆمەڵگەی دیجیتاڵیی کوردیدا، دەردەکەوێت کە بەکارهێنەرانی کورد ئەم میکانیزمانە بۆ دروستکردنی وشە بەکارناهێنن، بەڵکو بە شێوەی ئامادەکراو لە زمانەکانی دیکەوە (بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی) وەریدەگرن و بە هەمان پێرەو بەکاری دەهێننەوە.
**نموونەی(٩):**
زاراوەی **کۆپیپەیست** (copypaste) لە (کۆپی + پەیست) پێکهاتووە. بەکارهێنەرانی کورد ئەم وشە لکاویان وەکو خۆی وەرگرتووە، کە هاوواتای (لەبەرگرتنەوە و دانانەوە)یە، بەڵام وشە وەرگیراوەکە ئابوریانەترە، بۆیە زمانبەکارهێن هانای بۆ دەبات. ئەم زاراوەیە بۆ ئەو ناوەڕۆکانە بەکاردێت، کە دەقاودەق دەگوازرێنەوە لەسەر ئامێرە زیرەکەکانی وەکو کۆمپیوتەر و موبایل و تابلێت و ئایپاد.
**نموونەی(١٠ ـ ا):**
وشەی لێکدراوی **زانکۆنلاین** (Zankonline) لە (زانکۆ + لاین) پێکهاتووە. جیاوازی لەگەڵ نموونەی ژمارە (٩)دا ئەوەیە، کە لێرەدا وشەی یەکەم (زانکۆ) کوردییە و لکێنراوە بە وشەیەکی ئینگلیزییەوە و وشەیەکی نوێی لێ دروستکراوە، جیاوازیشی لەگەڵ نموونەکانی ژمارە (٦)دا ئەوەیە، کە لێرەدا بەشی یەکەمی وشەکە کوردییە، بەڵام لەو نموونانەی ژمارە (٦)دا بەشی دووەمی وشەکان کوردین. ئەم وشەیە بە کاریگەری زمانی ئینگلیزی دروستکراوە و نموونەیەکی ناوازەیە بە بەراورد بە ڕێزمانی کلاسیکی کوردی، کە لە گفتوگۆکانی تایبەت بە پرۆسەی وەرگرتنی خوێندکاراندا باڵادەستیی تەواوی هەیە و زۆرجار جێگەی دەستەواژە فەرمییەکان دەگرێتەوە.
لەم جۆرەدا بەشێکی وشەکان دەقرتێنرێت لکاندن بە قرتاندن (Clipping-Blending) بۆ ئەوەی بە ئاسانی بلکێنرێن بەیەکەوە بۆ ئاسانکاری و خێرایی لە نووسینی کۆمێنت و گفتوگۆکاندا، لە ئەنجامدا وشەیەکی نوێ لە شێوە و واتادا دێتە ئاراوە، کە تایبەت دەبێت بە چەمکێکی فەرهەنگیی لە ئاوەزی ئاخێوەردا.
**نموونەی (١٠ ـ ب):**


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12576]
- **Submission Date:** [1/7/2026], **Revised Date:** [2/7/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

وشەی ڤلۆگ (Vlog)، **Blogger (بلۆگنوس):** کەسێک کە بلۆگ دەنووسێت یان بەڕێوەی دەبات.
(زانستپەروەرانی کورد، ٢٠١١: ٢٩)، کە لە (Video + Blog) پێکهاتووە. ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان بووەتە بەشێک لە گوتاری ئینفلۆنسەرەکان لە سۆشیاڵ میدیادا و وەک ناوێکی کوردی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

ئەم شێوازەی **(١٠ - ب)** لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا ناگونجێت، بۆیە ئەگەر هەوڵبدرێت ئەم شێوازە هاوردە بکرێت بۆ ناو ڕێساکانی زمانی کوردی، ئەوا نەنگیی وشەسازی و هاوبێژی دروستدەبێت، وەکو وشەی (کاژێر)، کە لە کورتکردنەوەی (کات) و (ژمێر)ی (ژماردن) لەلایەن تۆڕی (ڕووداو)ەوە داهێنراوە، بووەتە هاوبێژیی وشەی (کاژێر)ی فەرهەنگی، کە واتای (شەویلکە) دەگەیەنێت. (بڕوانە بۆ فەرهەنگی ڤەژینلیکس لە ئینتەرنێت)، یان لە فەرهەنگی (هەنبانەبۆرینە) لە لاپەڕە (٦٠٠)دا (کاژێری) بە واتای (ڕەحەتبوون، ئاوهاتنەوە) لێکداوەتەوە، بۆیە ئەم پێواژۆیە بۆ زمانی کوردی گونجاو نییە و گرتفتی زمانیی لێدەکەوێتەوە.

### ٢,٣,٤ کورتکردنەوە و ئەکرۆنیم :

کەلتوری سۆشیاڵمیدیا کە جەخت لە سەر خێرایی و کورتی دەکاتەوە، بووەتە هۆی بەرفراوانبوونی بەکارهێنانی وشە کورتکراوەکان. وەکو بارۆن (Baron) دەڵێت: "زمانی دیجیتاڵ تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە کە بریتییە لە خۆپارێزی لە کێشەی تایپکردن." (Baron, 2008: 161). زۆرێک لەو وشانەی، کە لە سۆشیاڵمیدیای کوردیدا بەکاردەهێنرێن، لە زمانی سەرچاوەکەوە وەرگیراون، بەڵام لە مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردیدا بەتەواوی خۆماڵی نەکراون و تەنیا لە گفتوگۆ و نووسینی گەنجاندا (لە چاتەکان، پۆست و کۆمێنتەکاندا) بەکاردەهێنرێن. بەکارهێنەرانی کورد ئەکرۆنیمە جیهانییەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن.

**نموونەی (١١- ا):**

**LOL:** (Laughing Out Loud)
**OMG:** (Oh My God)
**DM:** (Direct Message)
**PM:** (Private Message)
**TBT:** (Throwback Thursday)

**نموونەی (١١ – ب):**

**کەس١:** "OMG ئەو ڤیدیۆیەت بینی؟؟"
**کەس٢:** "LOL زۆر پێکەنینم پێی هات 😂"
*سەرچاوە: گرووپی "قەڵای کوڕان" لە فەیسبووک، ٢٠٢٥.*

هەندێک کورتکراوە لە زمانی کوردیشدا پێشتر کەم تا زۆر بەکارهاتوون، بەڵام بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئێستا بەفراوانی بەکاردێن و خۆیان خزاندووەتە ناو نوسینی فەرمیشەوە.

**نموونەی (١٢- ا):**

**"د.خ"** (درودی خودای لەسەر بێت) کاتێک ناوی پێغەمبەر دەهێنرێت.
**"ز"** (زایینی) لەگەڵ ژمارەی ساڵەکان.
**"م."** (مامۆستا) لەگەڵ ناوی کەسەکە.
**"د."** (دکتۆر) لەگەڵ ناوی کەسەکە.

لە نووسینی خێرای سۆشیاڵ میدیادا وشەکان زۆرجار کورت دەکرێنەوە بۆ ئاسانکاری و خێرایی دەربڕین و نوسین:

**نموونەی (١٢- ب):**

**"چن"** (چۆنی)، **"س"** (سڵاو) "س چن؟" *(سڵاو چۆنی؟)*
**"چک"** (چاک) "چک دەستخۆش" *(چاکم، دەستت خۆش بێت)*
**"کس"** (کەسێک) "نەخێر کس نەهات" *(نەخێر کەسێک نەهات)*

### ٢,٣,٥ واتاگۆڕین و فراوانبوونەوەی واتا :

سۆشیاڵمیدیا بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە واتای ژمارەیەک وشەی کوردی،کە لە ڕابردوودا بۆ واتایەکی دیاریکراوی فەرهەنگی بەکاردەهات، بەڵام ئێستا سەرباری ئەو واتایانە، واتای نوێیان لێ بارکراوە و بۆ مەبەست و واتایەکی نوێ بەکاردێن، یان واتاکانیان فراوانتر بووەتەوە. ترۆگۆت (Traugott) باس لەوە دەکات، کە "گۆڕانکاری واتایی زۆرجار ئاراستەکەی لە دیاردەی سروشتییەوە بۆ لای دیاردە چەمکیی و کۆمەڵایەتییەکان دەڕوات". (Traugott, 2003: 124)

**گۆڕانکاری واتایی وشەی کۆن:** وشەی" نامە" کە بە واتای نامەی پۆستە، یان نامەی دەستنوس دەهات، ئێستا واتاکەی بەرفراوان بووە و بۆ" ئیمەیڵ "و" پەیام لە سۆشیاڵمیدیا ."بەکاردێت. هەروەها وشەی" هاوڕێ " کە واتای "هاوەڵ و دۆست"ی هەبوو، ئێستا لە فەیسبوک بۆ" فرێند " بەکاردێت.

**فراوانبوونەوەی واتا:** وشەی" وێنە "ئێستا نەک تەنها وێنەی چاپکراو، بەڵکو هەموو جۆرە وێنەیەکی دیجیتاڵی دەگرێتەوە. هەروەها وشەی" دەنگ "نەک تەنها دەنگی ئاسایی، بەڵکو" ڤۆیس مەسج"یش دەگرێتەوە. هەوروها وشەی" پەڕە (Page) "کە واتای "پەڕەی کتێب" هەبوو، ئێستا بەکاردێت بۆ" پەیجی فەیسبووک "و "وێبسایت."

**دروستبوونی زنجیرەی واتایی:** هەندێک وشە واتایەکی نوێیان پەیدا کردووە، کە پەیوەندییەکی مێتافۆریی بە واتا فەرهەنگییەکانیانەوە هەیە. بۆ نمونە : "ژوور "بۆ" چاتڕووم"، هەروەها وشەی "شەبەکە"ی عەرەبی بۆ "سیگناڵ" و وشەی تۆڕ" نێتوۆرک" کە لە وشەی تۆڕی ماسی خواستراوە. ئەم واتاگۆڕکێ و واتافراوانبوونانە بەشێکن لە پێواژۆی بەکوردیکردن و پەتیکردن، کە لە (٢/٢)دا باسکراوە.

### ٢,٣,٦ وەرگێرانی وشەبەوشە :

وەرگێران پایەیەکی گرنگ و کارایە لە سۆشیاڵمیدیادا، چونکە زۆرێک لە وێە و ڤیدیۆ و دەقە جۆراوجۆرەکان لە زمانەکانی دیکەوە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەگوازرێنەوە بۆ زمانی کوردی، زانستی وەرگێرانیش "بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە خودی پێواژۆی وەرگێران بە شێوەیەکی زانستی، واتا کردارییەکانی وەرگێرانی دەقێک. بەڵام ئەمەش پەیوەندیی بە چەند لایەنێکی وەک تێگەیشتن لە بنەما و تیۆرەکانی وەرگێران، هەروەها لێکۆڵینەوە لە مێژووی وەرگێران و جۆر و ئامانجی وەرگێرانەوە هەیە. لەم بارەیەوە دەوترێت: ئەم زانستە پەیوەندی بە ئاشنابوون بە کاری ئەنجامدراوەوە هەیە و ئەو پەیوەندییانە دەدۆزێتەوە، کە بە ڕێبازەکان و زانستەکانی ترەوە دەبەستنەوە". (قەرەداغی و عەلی، ٢٠٢٢: ٣٠٦) لە (حەمەساڵح و ئەحمەد، ٢٠٢٥: ٥٤) وەرگیراوە.

هەرچی وەرگێڕانی وشەبەوشەیە، بریتییە لە وەرگێرانی پارچە بە پارچەی وشە، یان دەستەوشەیەک لە زمانێکی بیانییەوە بۆ زمانی کوردی. ئەم شێوازە هەوڵێکە بۆ بەکوردیکردنی چەمکە نوێیەکان.

**نموونەی ( ١٣- ا):**

"Social Media"سۆشیاڵمیدیا "یان" تۆڕی کۆمەڵایەتی"

"Smart Phone"تەلەفۆنی زیرەک"

"Website"ماڵپەڕ "یان" پێگەی ئینتەرنێت"

"User Name"ناوی بەکارهێنەر "

" Password"وشەی تێپەڕ "

هەندێک وشەی وەرگێڕانی دەقاودەق، یان وشەبەوشە سەرکەوتوو بوون لەوەی ببن بە بەشێک لە وشەی زمانی کوردی لە گفتوگۆی ڕۆژانە، وەکو نموونەکانی (١٣ – ا)، بەڵام زۆرێکی دیکەیان لە بەرامبەر وشە وەرگیراوەکاندا نەیانتوانیوە بگەنە زمانی زۆرینەی زمانبەکارهێنەران، وەکو ناوی ئەپ و بەرنامەکان، کە هەموو کەس پێیان دەڵێن: " فەیسبوک، واتسەپ، مەسنجەر، تەلەگرام، تیکتوک، ... "

پرۆسەی پێکهێنانی وشە لە ڕێگەی وەرگێڕانی وشەبەوشە (Calque)وە بەردەوام لە گەشەکردندایە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی گەورەیان لەسەر زمان هەیە و بەردەوام چەمکی نوێ دەهێننە ناو زمانەکەوە.

لێرەدا چەند نموونەیەکی زیاتر دەخەینەڕوو:

**١. لە کایەی دیجیتاڵی و میدیای کۆمەڵایەتیدا:**

ئەم جۆرە وشەسازییە زۆر بەرووونی لەو زاراوە تەکنەلۆژییانەدا دەبینرێت، کە ڕۆژانە لە فەیسبووک و تۆڕەکانی تردا بەکاردێن و بەپێی پێکهاتەکەیان وەرگێڕدراون.

**نموونەی ( ١٣- ب):**

- Keyboard - تەختەکلیل: (Board = تەختە، Key = کلیل).
- Password - تێپەڕەوشە: (Pass = تێپەڕ، Word = وشە).
- Software - نەرمەواڵا: (Soft = نەرم، Ware = واڵا).
- Hardware - ڕەقەواڵا: (Hard = ڕەق، Ware = واڵا).
- Screenshot - وێنەی شاشە: (Screen = شاشە، Shot = وێنە/گرتە).

**نموونەی ( ١٣- پ):**

"سیڤی (CV)مکەت تەنیا پەڕەیەک زانیاری نییە؛ بەڵکو نوێنەری تۆ و کارامەییەکانتە لە غیابی خۆتدا. زۆرجار بەهۆی نارێکی دیزاین، تێکەڵبوونی زانیارییەکان، یان نەبوونی ستانداردی مۆدێرن، باشترین گەشەپێدەر و فۆتۆگرافەر و کارمەندەکان چاوپێکەوتنی کار (Interview)لەدەست دەدەن".

- سەرچاوە: هەژماری (Ferkar) لە فەیسبووک، ٢٠٢٦/٥/٢٣

بۆ نموونەی زیاتر بڕوانە بۆ کتێبی (زانستپەروەرانی کورد، ٢٠١١)

**٢. لە بوارە گشتی و زانستییەکاندا:**

**نموونەی ( ١٣- ج):**

- Cold War - شەڕی سارد: (Cold = سارد، War = شەڕ). ئەمە نموونەیەکی جیهانییە و لە زۆربەی زمانەکانی تریشدا هەر بەم پێواژۆیە وەرگێڕدراوە.
- Brainstorming - باهۆزی مێشک: (Brain = مێشک، Storm = باهۆز).
- Masterpiece - شاکار: (Master = شا / گەورە، Piece = کار / پارچە).
- blackfriday - هەینی ڕەش : ( black = ڕەش، Friday = هەینی).

لە وشەی کۆتایی نموونەی ژمارە (١٣ –ج)دا هەندێک لە زمانبەکارهێنەران (هەینی سپی) و (هەینی زێڕین) پەسەند دەکەن، وەک بەرتەکی ئاینی، ئەمیش وەرگێڕانی واتایە، نەک وشەبەوشە.

**٢,٣,٧ ئیمۆجی و هێماکان وەک بەشێک لە وشەسازی:**

ئیمۆجییەکان (Emojis) وێنەوشەن، کە هەم لەبری وشە و هەم لەبری وێنە بەکاردێن و بوونەتە بەشێکی جیانەکراوەی گفتوگۆی سۆشیاڵمیدیا. بەپێی دانێسی (Danesi) "ئیمۆجیەکان سیستەمێکی سیمیۆتیکی نوێن، کە ڕۆڵێکی دووانەییان هەیە: هەم سیمبوڵی واتایین، هەم ئامرازێکی پراگماتیکین بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی(Danesi, 2017: 45) ". بۆیە وەک جێگرەوەی وشە وان و هەندێک جار ئیمۆجییەکان بەتەواوی دەبنە جێگرەوەی وشەکان: 😂بۆ" پێکەنین"، 🖤بۆ" خۆشەویستی"، 👍 بۆ "باشە"، 🙏بۆ" سوپاس ."تێکەڵکردن لەگەڵ وشە :ئیمۆجییەکان لەگەڵ وشەکاندا بەکاردێن بۆ جەختکردنەوەی واتا، یاخود گۆڕینی تێڕوانینی بەرامبەر.

لە زمانی دیجیتاڵیی کوردیدا، ئیموجی ڕۆڵی تایبەتی هەیە، وەکو (Thurlow & Mroczek 2011) باسی لەوە کردووە، کە ئیمۆجی وەکو ئامرازێک بۆ بینینی هەستی بەرامبەر لە گفتوگۆی دیجیتاڵیی سەردەمی نوێدا، وێنا کراوە. لە ئێستادا زۆر جار ئیمۆجی شوێنی وشەی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا دەگرێتەوە، ئەمیش خۆی نیشانەی گۆڕانکاریی وشەسازیی و هۆکارەکانی پەیوەندیگرتنی زمانە. لە ژینگەی سۆشیاڵمیدیادا ئیمۆجییەکان هەڵگری نیشانەی زمانین و تەنیا وەک جوانکاری بەکارناهێنرێن، بەڵکو دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی وشەسازی و واتاسازیی ڕستەکان. کاتێک ئاخێوەرانی کورد ئیمۆجییەک لەگەڵ وشەیەکدا بەکاردەهێنن، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەرکی مۆرفۆلۆژیی وشەکە دەگۆڕن. ئیمۆجی و ئیمۆتیکۆنەکان تەنیا بۆ دەربڕینی هەست و سۆز نین، بەڵکو وەک نیشانەی هێزی قسەکردن (Illocutionary force markers)، یان وەکو نیشانەی پراگماتیکی کار دەکەن و وەک ئیڤانس (٢٠١٧) باسی دەکات، ئیمۆجییەکان وەک جۆرێک لە پارازمانی دیجیتاڵی کاردەکەن، کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن، هەستەکان و ئاماژە پەیوەندییەکان دەربڕن، کە پەیوەندییە دەقییەکان بەتەنیا ناتوانن بە تەواوی بیانگەیەنن.

بۆ نموونە، کاتێک وشەی "باش" لەگەڵ ئیمۆجیی ( 👍 ) یان ( 🖤 ) بەکاردێت، ئیمۆجییەکە ئەرکێکی مۆرفۆلۆژی دەبینێت،

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12576]
- **Submission Date:** [1/7/2026], **Revised Date:** [2/7/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

کە ڕەنگدانەوەی هەست و دۆخی دەروونیی ئاخێوەرە، کە لە زمانی نوسراوی کلاسیکدا پێویستی بە چەند وشەیەک بوو بۆ گەیاندنی. ئەم گۆڕانکارییە لە چوارچێوەی "زمانەوانیی دیجیتاڵیدا" بە خەسڵەتێکی پێشکەوتوو دادەنرێت.

یەکخستنی نیشانە گرافیکییەکان لەناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردیی دیجیتاڵیدا، بریتییە لە گۆڕانکاری بەرەو 'فەرهەنگێکی تێکەڵاو'، کە تێیدا نیشانە گرافیکییەکان وەک نیشاندەری ڕێزمانی کاردەکەن و بۆ لێکدانەوەی دۆخی کۆمەڵایەتیی پەیامەکە زۆر گرنگن.

ئەم بەکارهێنانە، داهێنانێکی زمانییە، کە زمانی کوردیی لە شێوازی ستاتیکیی (جێگیر)ی کلاسیکەوە دەگوازێتەوە بۆ شێوازێکی دینامیکیی کراوە. ئاخێوەرانی کورد بەم شێوەیە دەتوانن سنوورە نەریتییەکانی زمان تێپەڕێنن و مانای نوێ بۆ وشەکان زیاد بکەن. با لەم نمونەیە ورد ببینەوە، کە بەهۆی ئیمۆجییەوە چیرۆکێکی کورت دەردەبڕدرێت.

**نمونەی ( ١٤):**

:




بە سەرنجدان لە نمونەی ژمارە (١٤) هەست بەوە دەکەین، کە ئیمۆجی وەکو جێگرەوەی ناڕاستەقینەی وشە، واتا لەخۆبگرێت و چەندان ئیمۆجی پێکەوە دەتوانن دروستەیەکی سینتاکسی گەورە (کۆڕستە) و دەق پێکبهێنن و ئاوێزانی ئاوەز و بیرکردنەوەی زمانبەکارهێنەرانی پێ ئاڵوگۆڕ بکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەم ئیمۆجییانە ناتوانن ببە جێگرەوەی ڕاستەقینەی زمان و نوسین و لە هەموو بارودۆخ و دەوروبەرێکدا لە بری زمان بەکاربێن.

## ٣. ئەنجام:

گرنگترین کاریگەریی سۆشیالمیدیا لە سەر زمانی کوردی، بریتین لە بەکارهێنانی بەرفراوانتری زمانی کوردی و بەجیهانیبوونی زمانی کوردی، کە سنورە دەستکرد و سیاسییەکان نەتوانن لە ئاستیدا ڕێگر بن و ئاسانکاریی زۆری دابینکردووە، کە کورد لە جیهاندا پەیوەندی پێکەوە بگرن، لەم ڕوانگەیەوە شیکردنەوە کارەکییەکانی بەشی دووەم ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوەی بۆ دەرخستین:

١- یەکێک لە بەرچاوترین کاریگەرییەکانی سۆشیاڵمیدیا لەسەر وشەسازیی زمانی کوردی، بەرزبوونەوەی ڕێژەی وشە وەرگیراوەکانە، بە تایبەتی وەرگرتن و قەرزکردنی وشە لە زمانی ئینگلیزییەوە، ئەم وەرگرتنەش هەم بەشێوەی ڕاستەوخۆ و هەم بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ڕوودەدات.

٢- لەئەنجامی گرێدانی زمانی کوردی و زمانێکی جیهانیی وەک زمانی ئینگلیزی زاراوەی نوێی تەکنەلۆژی و بازرگانی و پزیشکی و ئابوری و ...دروستبووە و بڵاوبووەتەوە، کە دەرفەتی هێناوەتەپێش بۆ ستانداردکردن و پێرەوبەندکردنی زمانی کوردی، چونکە لەگەڵ هاتنەناوەوەی هەزاران وشە و زاراوە، گەنجان و نەوەی نوێ چاوکراوەترن و هەوڵی بەردەوام دەدەن لە ڕێگەی هەژمار و پەڕە و گروپەکانەوە بۆ پەتیکردن و زیندووکردنەوەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی.

٣- لەلایەکی ترەوە زیادەڕۆییکردن لە وەرگرتنی وشەی بێگانە و پابەندنەبوون بە پێوەرەکانی زمانی ستاندارد و فرەچەشنیی لە شێوازی نوسین و گفتوگۆیەکاندا، لە ئەنجامدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمانی فەرمی و ئەکادیمی کوردی دروست دەکات.

٤- بە کاریگەریی سۆشیاڵمیدیا گۆڕانکاری لە واتای ژمارەیەک وشەی کوردی ڕوویداوە، کە لە ڕابردوودا بۆ واتایەکی دیاریکراوی فەرهەنگی بەکاردەهات، بەڵام ئێستا سەرباری ئەو واتایانە، واتای نوێیان لێبارکراوە و بۆ مەبەست و واتایەکی نوێ بەکاردێن، یان واتاکانیان فراوانتر بووەتەوە.

٥- لە زمانی دیجیتاڵیی کوردیدا، زۆر جار ئیمۆجی شوێنی وشەی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا دەگرێتەوە، ئەمەیش خۆی نیشانەی ئاوێتەبوونی گۆڕانکاریی وشەسازیی و هۆکارەکانی پەیوەندیگرتنی زمانە.

## ٤. سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی:


ئەمین، وریا عومەر (٢٠٢٢)، ڕێنووسی کوردی لە روانگەی زمانەوانییەوە، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.

حوسێن، هێرش چەتۆ (٢٠٢١)، زمانی نووسینی کوردی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (چاتی فەیسبووك بە نموونە)، گۆڤاری توێژەر، ژمارە ٤(٢).

حەمەساڵح، س. غ. و ئەحمەد، ب. ح.، (٢٠٢٥)،گرفتی هاوواتایی لە پێواژۆی وەرگێڕاندا، گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان، سلێمانی، ژمارە (٩) .

خالد، هیوا سەلام (٢٠١٧)،کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە (١٠).

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا (٢٠١٣)، زمانی ستانداردی کوردی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

زانستپەروەرانی کورد (٢٠١١)، فەرهەنگی تەکنۆلۆژیای زانیاری (ئینگلیزی - کوردی)، چاپی دووەم، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

عەبدولغەنی، سۆزان سەعدوڵا (٢٠١٩)، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نووسیندا، تێزی دکتورا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی، سلێمانی.

شوانی، ڕەفیق (٢٠١١)، لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری زماناسی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

قادر، کاروان عومەر، (٢٠١٣)، کاریگەری جیاوازییە زمانیەکان لە ستانداردکردنی زمانی دایکدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٠) بەشی B.

فەرەج، تریفە محەمەد و محەمەد، کەژاڵ جیهانبەخش (٢٠٢٠)، کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر فەرهەنگی زمانی کوردی، سێیەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زمان و ئەدەبی کوردی، زانکۆی گەرمیان.

فەرەج، هۆگر مەحموود، (٢٠٠٧)، زمانی کوردی و گەیاندنی واتای پراگماتیکیی گوزارشتگەلێکی پێوەند بە کەلتووری ئیسلامی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٩) بەشی B.

حەمەسەعید، محمد عبدالفتاح و فرج، شاخەوان جلال، (٢٠١٤)، زمانی ستاندارد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٩) بەشی B.

مستەفا، ڕەشید. (٢٠٢٠)، بەکارهێنانی زمان لە سۆشیاڵمیدیای کوردیدا (توێژینەوەیەکی مەیدانی)، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ژمارە (٣٤).

مستەفا، ڕەزا مستەفا. (٢٠٢١)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی لەبارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی کوردییەوە، بەرگی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

هەژار، (١٣٨٥)، هەنبانەبۆرینە، چاپی پێنجەم، چاپخانەی سروش.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

فارع، ش. وآخرون، (٢٠٠٦)،مقدمة في اللغويات المعاصرة، الطبعة الثالثة، عمان، دار وائل للنشر.

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

Aitchison, J. (1999). Linguistics. London: Hodder Headline.

& routsopoulos, J. (2013). 'Online Data Collection'. In: Mallinson, C., Childs, B. & Van Herk, G. (eds.) Data Collection in Sociolinguistics: Methods & Applications. New York: Routledge.

Bakhtin, M. (1994). 'Discourse in the Novel'. In: Morris, P. (ed.) The Bakhtin Reader: Selected Writings of Bakhtin, Medvedev, Voloshinov. London: Arnold.

Baron, N.S. (2008). Always On: Language in an Online & Mobile World. Oxford: Oxford University Press.

Barry, D. (2019). 'Pharyngeals in Kurmanji Kurdish: A reanalysis of their source & status'. In: Current Issues in Kurdish Linguistics. Bamberg: University of Bamberg Press.

Bauer, L. (1983) English Word-formation. Cambridge: Cambridge University Press.

Bounoua, N. & Tabouret, C. (2019). 'Language Choice & Identity Construction in Multilingual Social Media'. International Journal of Bilingualism, 23(2).

Brunstad, E. (2001). 'St& ard language & linguistic purism'. Sociolinguistica, 15(1).

Brunstad, E., 2001. Det reine språket. Om purisme i dansk, svensk, færøysk og norsk. PhD dissertation. Universitetet i Bergen.

Crystal, D. (2001). Language & the Internet. Cambridge: Cambridge University Press.

Crystal, D. (2006). Language & the Internet. 2nd edn. Cambridge: Cambridge University Press.

Crystal, D. (2008) A Dictionary of Linguistics & Phonetics. 6th ed. Malden, MA: Blackwell Publishing.

Crystal, D. (2011). Internet Linguistics: A Student Guide. London: Routledge.

Danesi, M. (2017). The Semiotics of Emoji: The Rise of Visual Language in the Age of the Internet. London: Bloomsbury Academic.

Evans, V. (2020). 'The Emoji Code'. Journal of Computer-Mediated Communication.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12576]
- **Submission Date:** [1/7/2026], **Revised Date:** [2/7/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

Sociolinguistics. 1st ed. Blackwell Publishing Ltd.

Lau, K.M. (2023). Language Use & Language Perceptions in Social Media Marketing: A Case Study of Hong Kong Facebook Pages. Doctoral dissertation, University of Münster.

Longman Dictionary of Contemporary English. (2010). 5th edn. Harlow: Pearson Longman.

Matras, Y. (2007). 'The borrowability of grammatical categories'. In: Grammatical Borrowing in Cross-Linguistic Perspective. Berlin: Mouton de Gruyter.

Matras, Y. & Adamou, E. (2020). 'Borrowing'. In: The Routledge H& book of Language Contact. Abingdon: Routledge.

Mesthrie, R. (ed.) (2011). The Cambridge H& book of Sociolinguistics. Cambridge: Cambridge University Press.

Morales, K. (2017). 'Review of Teen Talk: The Language of Adolescents by Sali A. Tagliamonte'. Linguist List.

Muysken, P. (2000). Bilingual Speech: A Typology of Code-Mixing. Cambridge: Cambridge University Press.

Oancea, I. (2017). 'Slang: A Controversial Linguistic Phenomenon'. Bulletin of the Transilvania University of Brasov, Series IV, 10(1).

Plag, I. (2018). Word-Formation in English. 2nd edn. Cambridge: Cambridge University Press.

Poplack, S. (1980). 'Sometimes I'll start a sentence in Spanish y termino en español: toward a typology of code-switching'. Linguistics, 18(7-8), pp. 581-618.

Stam, N. (2017). A Typology of Code-Switching in the Commentary to the Félire Óengusso. Utrecht: LOT Publications.

Ferguson, G., 2006 .*Language Planning and Education* .Edinburgh: Edinburgh University Press .

Fromkin, V. (2011). An Introduction to Language. 9th edn. Boston: Wadsworth.

Ghafoory, D.S. & Hamasalih, H.A. (2025). 'Word Formation Processes Used in Kurdish Community Facebook Platform'. Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS), 29(Special Issue).

Gumperz, J.J. (1982). Discourse Strategies. Cambridge: Cambridge University Press.

Gunter, M. M., 2008. The Kurds Ascending: The Evolving Solution to the Kurdish Problem in Iraq & Turkey. New York: Palgrave Macmillan.

Hamdan, H.J. & Al-Salman, S. (2021) 'The Use of Arabic Neologisms in Social Media Applications', International Journal of Arabic-English Studies (IJAES), 21(1), pp. 45-60.

Hauck, J.D. (2016). Making Language: The Ideological & Interactional Constitution of Language in an Indigenous Aché Community in Eastern Paraguay. Doctoral dissertation, University of California, Los Angeles.

Herring, S.C. (2019). 'Computer-Mediated Discourse'. In: Tannen, D., Hamilton, H.E. & Schiffrin, D. (eds.) The H& book of Discourse Analysis. 2nd edn. Oxford: Wiley-Blackwell.

Hinton, L. (2002). 'Language Revitalization'. Annual Review of Applied Linguistics, 23.

Holmes-Elliott, S. (2017). 'Review of Teen Talk: The Language of Adolescents by Sali A. Tagliamonte'. Language in Society, 46(5).

Ikhsani, N.A. (2012). 'Code Mixing in the Articles of Gogirl! Magazine February, 2013 Edition'. Lexicon, 1(3).

Langer, N. & Nesse, A., 2012. Linguistic Purism. In: J.M. Hernández-Campoy & J.C. Conde-Silvestre, eds. The H& book of Historical

Yule, G. (2022) The Study of Language. 8th ed. Cambridge: Cambridge University Press. (Word Formation).

Zappavigna, M. (2012). Discourse of Twitter & Social Media. London: Continuum.

چوارەم: سەرچاوەی دیجیتاڵی

https://www.yageyziman.com/pdfekan/Ferhengi_IT_Zkurd_Weshani

www.zkurd.org/proje/ferhengdev.pl
https://www.facebook.com/reel/1566508038177071/

https://web.facebook.com/share/r/1EDXdNW5X5
https://lex.vejin.net/ck
https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpA.16.
https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.4
/https://web.facebook.com/share/g/1Duhz28XRa

Štekauer, P. & Lieber, R. (eds.) (2005). H& book of Word-Formation. Dordrecht: Springer.

Tagliamonte, S.A. (2016). Teen Talk: The Language of Adolescents. Cambridge: Cambridge University Press.

Tagliamonte, S.A. & Denis, D. (2008). 'Linguistic Ruin? LOL! Instant Messaging & Teen Language'. American Speech, 83(1), pp. 3-34.

Thomas, G., 1991. Linguistic Purism. London & New York: Longman.

Thurlow, C. & Mroczek, K. (2011). Digital Discourse: Language in the New Media. Oxford: Oxford University Press.

Trask, R.L. (1997). A Student's Dictionary of Language & Linguistics. London: Arnold.

Traugott, E.C. (2003). 'Constructions in Grammaticalization'. In: Joseph, B.D. & J& a, R.D. (eds.) The H& book of Historical Linguistics. Oxford: Blackwell.

Van Dijk, T. A. (1998)Ideology: A Multidisciplinary Approach.London: Sage.

Varga, L., 2010. Introduction to English Linguistics: A Companion to the Seminar. Budapest: Eötvös Loránd University.

Varga, M. (2010). Communication & Sign Theory. [Publisher details to be confirmed].

Wardhaugh, R. & Fuller, J.M. (2015). An Introduction to Sociolinguistics. 7th edn. Oxford: Wiley-Blackwell.

Yule, G. (2010) The Study of Language. 4th ed. Cambridge: Cambridge University Press.

Yule, G. (2020). The Study of Language. 7th edn. Cambridge: Cambridge University Press.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12576]
- **Submission Date:** [1/7/2026], **Revised Date:** [2/7/2026], **Accepted Date:** [27/7/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

# The impact of social media on Kurdish vocabulary

**Abstract:** In the contemporary era, social media, as a technological innovation, has become an essential and integral part of our daily lives, thereby exerting its influence across all modern domains—most notably language, which simultaneously serves as raw material, a determining agent, and a recipient of change within these networks. This study aims to investigate the impact of social media on language in general, and on morphology in particular. Furthermore, it examines the role of youth and language users under the influence of social media and the English language. Social media has played a novel role as a mechanism for introducing new vocabulary into the Kurdish language and integrating some of these terms into the morphological derivation processes (Word Formation) of Kurdish. This phenomenon is analyzed as part of the broader processes of language change and the renewal of morphological structures (word formation) within the Kurdish language.

To achieve this objective, the study is divided into two main sections: Section One explores "Kurdish Morphology," while Section Two investigates "The Applied Aspect of Kurdish Morphology from a Social Media Perspective," theoretically and empirically elucidating the structural impacts of social media. The researcher concludes that social networks constitute a powerful and contemporary communicative tool driving language change, effectively accelerating the trajectory of sociolinguistic variations. Moreover, social media has engendered novel patterns of word formation (e.g., the derivation of the verbal noun "ژیانکردن" [jiyankirdin]), which was previously unprecedented or extremely rare in the Kurdish language—a development driven by the structural influence of the English language and its amalgamation with Kurdish morphological configurations.

**Keywords:** Morphology, Word Formation, Social Media, Loanwords, Linguistic Purism, Kurdification.

# تأثير وسائل التواصل الاجتماعي على المفردات الكردية

**المستخلص:** في العصر الحالي، أصبحت وسائل التواصل الاجتماعي، باعتبارها إحدى الابتكارات التكنولوجية، جزءاً هاماً وأساسياً من حياتنا اليومية، مما ألقى بظلال تأثيرها على شتى مجالات العصر، ولا سيما مجال حيوي كالغة؛ إذ تمثل شبكات التواصل اللغوي في الوقت ذاته مادة خاماً، وعاملاً مؤثراً، ومُتأثراً. تسعى هذه الدراسة إلى تسليط الضوء على دور وسائل التواصل الاجتماعي تجاه اللغة بصورة عامة، وعلم الصرف (Morphology) بصورة خاصة. كما تناقش الدراسة دور الشباب ومستخدمي اللغة تحت تأثير شبكات التواصل الاجتماعي واللغة الإنجليزية، حيث لعبت وسائل التواصل دوراً جديداً كأداة لاكتساب مفردات جديدة للغة الكردية، وانصهار بعض هذه المفردات في سيرورة التولد الصرفي للغة الكردية. وقد تم تحليل ذلك كجزء من ظاهرة التغير اللغوي وتجدد أشكال البناء الصرفي (التولد الصرفي) في اللغة الكردية.

ولتحقيق هذه الغاية، قُسِّمت الدراسة إلى قسمين رئيسيين: القسم الأول (الصرف في اللغة الكردية)، والقسم الثاني (الجانب التطبيقي للصرف في اللغة الكردية من منظور وسائل التواصل الاجتماعي)، حيث جرى تفسير وتفكيك تأثيرات وسائل التواصل من الناحيتين النظرية والتطبيقية. وخلص الباحث إلى أن شبكات التواصل الاجتماعي تُمثِّل وسيلة وأداة حديثة بالغة التأثير في إحداث التغير اللغوي، وقد سارعت من وتيرة العمليات التغيرية اللغوية؛ كما أسفرت عن ظهور أنماط وصيغ جديدة للتوليد الصرفي (على سبيل المثال: توليد المصدر "ژیانکردن" أي "الحَوْسَنَة / العيشنة")، وهي صيغة لم تكن مألوفة من قبل أو كانت نادرة للغاية في اللغة الكردية، وذلك تحت تأثير النسق اللغوي الإنجليزي وتداخله مع البنية الصرفية الكردية.

**الكلمات المفتاحية :**علم الصرف، بناء الكلمة، وسائل التواصل الاجتماعي، الألفاظ المقترضة (الدخيلة، المستعارة)، التطهير اللغوي، الكردنة (التكريد).